ڕێنمویی خواپەرست

بۆ

حوکمەکانی مزگەوت

منتدى اقرأ الثقافي

نووسینی

د. محمد حافظ الشريدة

وەرگێڕانی

باوکی ڕەییان إلياس الكردی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

ناوی کتێب/ ڕێنمویی خوا پەرست بۆ حوکمەکانی مزگەوت

نوسەر/ د. محمد حافظ الشریدة

وەرگێرانی/ باوکی ڕەییان - إلیاس الکردی

تیراژ/ (٥٠٠) دانە.

ساڵی چاپ/ ٢٠٠١

ژمارەی سپاردن/ ٣٠٥

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئارازک.

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده،ونستعينه،نستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له، أشهد ان لاإله إلا الله وحده لاشريك له ، واشهد أنه محمداً عبده ورسوله

﴿ يأيها الذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته ولا تموتن إلا وأنتم مسلمون ﴾ الأعراف -١٠٢

﴿ يأيها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة ، وخلق منها زوجها وبث منهما رجالاً كثيراً ونساء واتقوا الله الذي تسائلون به والارحام إن الله كان عليكم رقيباً ﴾النساء-١ .

﴿يأيها الذين آمنوا اتقوا الله وقولوا قولاً سديداً يصلح لكم أعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزاً عظيماً ﴾ الأحزاب،٧٠-٧١.

أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد (ﷺ) وشر الامور محدثاتها ، وكل محدثة بدعة، ، وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار.

پێشەكی:

بەڕێزان خۆشەویستان مزگەوت خۆشەویست ترین شوێنە لای خوای گەورە وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ((احب البلاد إلى الله مساجدها))[1] وەهەروەها شوێنێكە كە موسڵمانان لەشەوو ڕۆژێك دا پێنج جار كۆدەكاتەوە و لێوەی پەیوەندی بەندەكان دەبەسترێت لەگەڵ خوای گەورەدا ، هەروەها شوێنێكە كە هەموو كارو فەرمانەكان بۆ موسڵمانان لێوەی دەردەچێت ، وە هێمایەكی پیرۆزو گەورەی موسڵمانانە بۆیە لە هەر شوێنێك كە موسڵمانان ویستیان بێت جێنشین بن و ئاوەدانی كەنەوە لەپێشدا بە مزگەوت ئاوەدانی دەكەنەوە ، هەروەها سەدای یەكتاپەرستی خوای تیادا پێنج جار لێوە دەردەچێت ، گەرچی بنوسین و باس بكەین ئێشتا هەر دەمێنێت ، بەڕاستی دەبێت هەموان ئەوە چاك بزانین كە مزگەوت خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) چەند ڕێساو ئادابێكیان بۆ داناوە ، چی پێویستە لەمزگەوتدا بكرێت و هەبێت ، وە چی پێویستە تیایدا نەكرێت و مزگەوتەكانی لێ بەدوور بگرین ، تاوەكو وەك سەردەمی یەكەم ببێتەوە مەڵبەندی بانگەوازو بەرەو پێش بردنەوەی ئاینی پەروەردگار ، وەتاوەكو ببێتەوە مۆڵگایەكی خۆشەویستیو یەك ڕیزی موسڵمانان ، وە لەسەروو ئەمانەو زۆر سوودو چاكەی تر ئەوەیە موسڵمان مافی ماڵەكانی خوا بپارێزێت و ناشەرعی تیادا نەكەن ئەو ناشەرعیانەی خواو پێغەمبەرەكەی ئاگاداریان كردوین كە تایبەتن بە مزگەوتەكانەوە ، جا بۆ ڕوون كردنەوەی هەردوو لا گرنگە كەو بۆ زیاتر شارەزابوونتان و ناسینی مافەكانی مزگەوت بە ئەركی سەر شانمان زانی لەگەڵ برای بەڕێزم كاك (إلیاس)دا هەموو ئەو فەرمودانەتان بخەینە بەرچاو و هەروەها مانای فەرمودەكانتان بۆ ڕەوان بكەین تاوەكو هەموو لایەك بەرەبزانن و هەوڵ و كۆشش بكەن بۆ جێبەجێ كردنی .

– بەداخەوە – مزگەوتەكان دوور گیراون لەمافەكانی خۆیان وە هەرچی پێچەوانەی چاكەیە لەگەڵ مزگەوتدا زۆر بڵاوە ئەمڕۆ تیایدا ، بۆیە ئەم نوسراوەش ئاراستەی پێشەوای مزگەوتەكان دەكەین بەتایبەتی - وەك قوتابی‌یەكی بچوك - تاوەكو پێشەوای ماڵەكانی خوا ئەمانە هەمووی بپارێزننەوە لە مزگەوتەكان دا ، وە هەست بە لێ پرسراوی بكەن بەرامبەر هەر

---

[1] رواه مسلم في كتاب الاصلاة باب فضل المساجد .

شتێك كە تیایاندا ئەنجام دەدرێت ، چۆن دەبێت لەماڵەكانی خوادا پێچەوانەی سـوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بكرێت ؟ ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە پێشەوای مزگەوتەكان ڕێگری لـە بیدعەو ناشەرعیانە بكەن تیایاندا ،وەئایاكاتی ئەوەنەهاتوە پێشەوای ماڵەكانی خوا زۆربە هەستیان لێ پرسراوی‌یەوە ئاینی ڕاست وتە واوبڵاوبكەنەوە جارێكی تریش ئەهلی مزگەوت ، وەبیدعەو هەموناشەرعیەكانی تركە تیایاندا دەكرێت خەڵكی لێ ئاگاداربكەنەوەو رێش نەدەن بەئەنجام دانی ئەوناشەرعیانە كەلەمزگەوت دا بكرێن ؟

بۆیە دەڵێین : پێویستە لەسەر پێشەواكانی مزگەوت بەخۆیاندا بچنەوەو هەرچی سونەتە كە تایبەتن بەمزگەوتەكانەوە تیاداجی‌بەجی‌ی‌كەن وئاشكرای‌بكەن بۆخەڵكی ولەلۆمەی لۆمە كاران نەترسن.

وەهەروەها هەرچی پێچەوانەی سوننەتەكانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ڕێ نەدەن خەڵكی ئەنجامی بدەن لە مزگەوتەكانداو لەغەیری خوا لەهیچ نەترسن .

لەهەمان كاتیشدا ئامۆژگاری خۆمان و موسڵمانان دەكەین تەواو شارەزابن لەم باسەو ئاگادار بن هەركارێك

ئەنجام بدرێت پێش ئەوە با لەگەڵ قورئان و سوننەتدا لێك بدرێتەوە ئەوجا ئەنجام بدرێت لـەم نوســراوەدا زۆرینـەی فـەرموودەكانی پێغەمبـەر (ﷺ) هـاتون كـە تایبـەتن بـە مزگەوتەكانـەوە لەگـەڵ روونكردنـەوەی ماناكـانی ، وە هـەروەها ئامـاژەش كـراوە بـە ئـەو سەرچاوانەی فەرمودەكانی لێ دەرهێنراون ،داواكارین لە خوای گەوە كردەوەكانمان چاك و پاك بێت بۆ خۆی ، وە لێمانی وەربگرێت و تەنها لەبەر ڕەزامەندی خۆی بێت ، وە لەهەڵەو كەم و كوڕیمان خۆش بێت و پارێزراومان بكات لەهەموو بیدعەو ناشەرعی‌یەك و لەشەیتان و شوێن كەوتوانی

﴿ أنه على كل شيء قدير﴾

آمـــین

باوكی ڕەییان

سلێمانی – ١٤٢٢ كۆچی

مزگەوت لە ڕۆشنایی قورئاندا

خوای گەورە دەفەرمویت ﴿یابني أدم خذوا زینتکم عند کـل مسـجد ﴾[٢] واتـە (ئـە ی نەوەی ئادەم ڕازاوەی خۆتـان وەربگـرن لـە هـەموو مزگـەوتێك دا)[٣] وە هـەروە هـا ﴿ومن أظلم ممن منع مساجد الله أن یذکر فیها اسمه وسعی فی خرابها أولئك ما کان لهم أن یدخلوها إلا خائفین لهم في الدنیا خزی ولهم في الآخرة عذاب عظیم ﴾[٤] .

مانای کێ لەوە ستەمکار ترە کە ڕێ گری لە مزگەوتەکان دەکات کە تیایدا زیکری خوا بکرێت ،

وە ڕەنج و کۆشش بـدات بـۆ وێـران کـردن و کوێـر کردنـەوەی ، ئەوانـە نەدەبوایـە بچونایەتە ناویەوە مەگەر بە

ترسەوە نەبێت سەر شۆڕیان بۆ هەیە لەدونیادا وە لـەڕۆژی دوایشـدا سزایەکی زۆر مەزن)[٥] .

((في بیوت أذن الله أن ترفع ویذکر فیها اسمه یسبح له فیها بالغدو والآصال ، رجـال لا تلهیـهم تجارة ولا بیع عن ذکر الله وإقام الصلاة وإیتاء الزکاة یخافون یوما تتقلـب فیـه القلـوب والأبصـار لیجزیهم الله أحسن ما عملوا ویزیدهم من فضلـه والله یـرزق مـن یشـاء بغـیر حسـاب))[٦] مانـای (لـە

([٢]) الأعراف : ٣١

([٣]) وەك لەچەند فەرمودەدا هاتووە موسڵمان خۆی بڕازێنێتەوە لەکاتی ئامادە بونی لە مزگەوتەکاندا لەوانە بۆن خۆشی و بەرگی تازەیان پاك وەسیمای ڕێك و جوان (وەرگێڕ) .

([٤]) البقرة : ١١٤

([٥]) ڕێگری دەکات لە ئامۆژگاری و ووتارەکانی مزگەوت کەچی لەبۆنە ئاینییەکاندا - کە بیدعەن - خۆی دەکاتـە مـەڕ و ئامـادە دەبێـت لەمزگەوتـەکاندا ، نوێــژی تیـادا ناکـەن وە ئـەگـەر لەترسـی موسڵمانان نـەبێت تـەواو وێرانی دەکـەن لـەم لاشەوە بـەکرێ گیراوەکانیـان شـاهیدیان بـۆ دەدەن کـە ئەوانە وەك ئێمە موسڵمانن و چاکەو خزمەتی مزگەوتەکان دەکەن !!

([٦]) النور : ٣٦-٣٨

مالآنێکدا خوای گەورە مۆڵەتی داوە زیکری خۆیی تیادا بکرێت به ئێواران و بەیانیان ، پیاوانێك بازرگانی و فرۆشتن سەرقاڵیان ناکات لەزیکری خوای گەورەو نوێژ ئەنجام دان و زەکات دان ، ترسی ڕۆژێکیان هەیە کە چاوەکان و دڵەکان تیادا هەڵدەگەڕێنەوە لەترسی ئەو ڕۆژە ، (لیجزیهم)[٧] واتە : بەهۆی ئەم سیفەتانەیان کە ئەنجامیان داوە خوای گەورە چاك ترلەوەی کردویانە پاداشتیان دەداتەوەو لە فەزڵی خۆی بۆیان زیاد دەکات وە خوای گەورە ڕۆزی دەدات بەوەی ویستێتی بێ لێ پرسینەوە) .

مزگەوت لە ڕۆشنایی سوننەتدا

لە (ابی هریرە) ڕەزای خوای لێ بێت : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ((أحب البلاد إلى الله مساجدها ، وأبغض البلاد إلى الله تعالى أسواقها))[٨] .

واتە : ((پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی (خۆشەویست ترین شوێن لای خوای گەورە لەوولاتەکاندا مزگەوتەکانە ، وە بەڕق ترین شوێن لە وولاتەکاندا لای خوای گەورە بازاڕەکانە)) .

وە هەر لە (ابی هریرە) ڕەزای خوای لێ بێت : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ((یتعاقبون فیکم ملائکة باللیل وملائکة بالنهار ، ویجتمعون في صلاة العصر وصلاة الفجر ، ثم یعرج الذین باتوفیکم فیسألهم - وهو أعلم بکم - فیقول : کیف ترکتم عبادي ؟ فیقولون : ترکناهم وهم یصلون ، واتیناهم وهم یصلون))[٩] .

واتە : (چاودێریتان تیا دەکەن چەند فریشتەیەك بەشەو وە چەند فریشتەیەك بەڕۆژ ، وەکۆ دەبنەوە لەنوێژی عەسرو نوێژی بەیانی ،

---

(٧) پیتی لام (ل)بۆی عاقیبەتە وەك ﴿ومن الناس من یشتری لهو الحدیث لیضل عن سبیل الله بغیر علم﴾ ئەوەش (ل) ئەنجام و عاقیبەتە . وەرگێڕ

(٨) رواه مسلم في کتاب الصلاة باب فضل المساجد .

(٩) رواه البخاری في کتاب التوحید ، باب کلام الرب مع جبریل ونداء الملائکة ، ورواه النسائي ومالك .

پاشان ئه‌وانه‌ی ماونه‌ته‌وه له‌گه‌ڵتاندا به‌رز ده‌كرێنه‌وه و خوای گه‌وره پرسیاریان لێ ده‌كات - ئه‌و زاناتره پێتان- ده‌فه‌رموێت :
به‌نده‌كانتان له‌چیدا به‌جێ هێشت ؟ ده‌ڵێن: كه جێمان هێشتن نوێژیان ده‌كرد ، وه‌كاتێك چوین بۆلایان نوێژیان ده‌كرد) .

باسی یه‌كه‌م :

چی شه‌رعی‌یه له‌مزگه‌وته‌كاندا

ئه‌و شتانه‌ی شه‌رعی‌یه - كه (واجب و مستحب)ن - زۆرن پێویسته له مزگه‌وته‌كاندا ئه‌نجام بدرێت ، وه له‌م باسه‌دا گرنگ ترینیان دێنین :

دروست كردن و توندو تۆڵ كردنه‌وه‌ی مزگه‌وته‌كان

عن عثمان بن عفان رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ) : ((من بنى مسجدا يبتغي به وجه الله بنى الله له مثله في الجنة))(متفق عليه) [١٠] .

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رموویه‌تی : (هه‌ر كه‌س مزگه‌وتێك دروست بكات ته‌نها مه‌به‌ستی ڕه‌زامه‌ندی خوا بێت خوای گه‌وره له‌به‌هه‌شتدا به وێنه‌ی ئه‌وی بۆ دروست ده‌كات) .
نه‌ك وه‌كو كه‌سانێك له‌به‌ر (باج)ی فه‌رمانگه‌كان ده‌چن مزگه‌وتێك دروست ده‌كه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی باجه‌كه له‌سه‌ریان لا بچێت ، یان كه‌سانێكی تر له به‌ر ناوداری یاخود هه‌ر مه‌به‌ستێكی تر ، وه‌ده‌بینین خه‌ڵكانێك كه مزگه‌وتیان دروست كردووه تاوه‌كو خه‌ڵكی ناوه‌دانی بكه‌نه‌وه به په‌رستش كه چی خۆی مه‌گه‌ر بمرێت بۆ شۆردنه‌كه بیهێننه مزگه‌وته‌كه‌وه خۆی په‌رستشی خوای تیا ناكات ، یان مزگه‌وتێك دروست ده‌كرێت بۆ تایبه‌ت كردنی ناوداری و كارو باری (حیزب) ئه‌مانه هیچی ئه‌و فه‌رمووده‌یه ناگرێته‌وه ، چونكه خوای گه‌وره كارێك وه‌رده‌گرێت كه ته‌نها له‌به‌ر ڕه‌زامه‌ندی ئه‌و بكرێت .

---

(١٠) رواه البخاري في كتاب الصلاة باب من بنى مسجدا ، ومسلم في كتاب المساجد باب فضل بناء المساجد .

پاڕانەوە كاتێك بەرەو ڕووی دەچێت

عن ابن عباس – رضى الله عنه – قال : أن النبي (ﷺ) خرج إلى الصلاة وهو يقول : (اللهم اجعل في قلبي نورا ، وفي لساني نورا ، واجعل في سمعي نورا ، واجعل في بصري نورا ، واجعل من خلفي نورا ، ومن أمامي نورا ، واجعل من فوقي نورا ، ومن تحتي نورا ، اللهم أعطيني نورا) (متفق عليه)[١١] .

عبدالله ی كوڕی عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت : (پێغەمبەر (ﷺ) هاتەدەرەوە بۆ نوێژ ئەنجامدان و دەیفەرموو : (خوای گەورە ڕۆشنایی بخەرە دڵمەوە ، وەڕۆشنایی بخەرە چاوەكانم ، وە ڕۆشنایی بخەرە بیستنمەوە ، وە ڕۆشنایی بخەرە پشت و پێشمەوە ، وە ڕۆشنایی بخەرە سەرومەوە ، وە لەژێرمەوە ڕۆشنایی ، خوای گەورە ڕۆشنایم پێببەخشە) كاتێك موسڵمان بەرەو ڕووی مزگەوت دەكەوێتە ڕێ ئەم پاڕانەوەیە بڵێت پاش ئەوەی لەماڵەوە خۆی پاكژ كردۆتەوە و دەست نوێژی گرتوە ، بێ گومانیش ئەم پاڕانەوەیە فەزڵی هەیە لەگەڵ ڕۆشتنەكەی بۆ مزگەوت كە لە باسەكانی تردا دێت . –إنشا ءالله – .

دەست نوێژگرتن پێش چون بۆ مزگەوت

عن أبي هريرة رضى الله عنه : أن النبي (ﷺ) قال : ((من تطهر في بيته ، ثم مضى إلى بيت من بيوت الله ليقضي فريضة من فرائض الله : كانت خطواته :إحداهما تحط خطيئة ، والأخرى ترفع درجة))رواه مسلم [١٢] .

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : (هەركەس دەست نوێژ بگرێت (وە خۆی پاك بكاتەوە لە ماڵی خۆیدا) ، پاشان بكەوێتە ڕێ بۆ ماڵێك لەماڵەكانی خوا بۆ بەجێ هێنانی

---

(١١) رواه البخارى في كتاب الدعوات ، باب الدعاء إذا انتبه من الليل ، ومسلم في كتاب صلاة المسافرين ، باب الدعاء في صلاة الليل وقيامه .

(١٢) كتاب المساجد ، باب المشي إلى الصلاة .

فەرزێك لەفەرزەكانی خوای گەورە : هەنگاوەكانی بەم شێوەیە دەبێت : یەكێكیان تاوانێك دەسڕێتەوە ، ئەوی تریان پلەیەك بەرزی دەكاتەوە) .

وعن عثمان – رضی الله عنه – قال : رأيت رسول الله (ﷺ) توضأ مثل وضوئي هذا ثم قال : (من توضأ هكذا غفر له ما تقدم من ذنبه ، وكانت صلاته ومشيه إلى المسجد نافلة)رواه مسلم [١٣] .

پێشەوامان (عثمان)ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێت : (پێغەمبەرم بینی (ﷺ) دەست نوێژی گرت وەك ئەم دەست نوێژەی من پاشان فەرمووی : (هەركەس بەم شێوەیە دەست نوێژ بگرێت خوای گەورە لەتاوانی پێشوی خۆش دەبێت ، وەنوێژەكەی و ڕۆیشتنی بۆ مزگەوت بە سوننەت بۆی دەنوسرێت)[١٤] .

چوونە ژوورەوە بۆ مزگەوت بە قاچی ڕاست وە پاڕانەوە لەكاتی چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوە لێ ی

عن ابن عمر رضی الله عنهما قال : كان النبي (ﷺ) يقول إذا دخل المسجد : (أعوذ بالله العظيم ، وبوجهه الكريم ، وسلطانه القديم من الشيطان الرجيم) قال : (فإذا قال ذلك قال الشيطان : حفظ مني سائر اليوم)[١٥] (عبدالله ی كوڕی عومەر ڕەزایخوایان لەسەر بێت دەڵێت : پێغەمبەر (ﷺ) كاتێك دەچووە ژوورەوە بۆ مزگەوت دەیفەرموو : (پەنا ئەگرم بە خوای مەزن ، وە بە ڕووی پیرۆزی ، وە دەسەلاتی كۆنی (واتە : كە هەر بویەتی) لە شەیتانی ڕەجم كراو) فەرموی : (گەر ئەمەی ووت شەیتان دەڵێت : پارێزراوە لەمن بەدرێژایی ڕۆژ)) .

([١٣]) كتاب الطهارة ، باب فضل الوضوء .

([١٤]) ئەو نوێژە سوننەتەی لەماڵەوە دەیكات پێش چوونی بۆ مزگەوت و پاش دەست نوێژگرتنی بەخێری سوننەت بۆی دەنوسرێت

([١٥]) رواه أبو داود . كتاب الصلاة ، باب فيما يقوله الرجل عند دخوله المسجد .

وعن أبي هريرة رضى الله عنه قال : قال رسول الله (ﷺ) : (إذا دخل أحدكم المسجد فليسلم على النبي (ﷺ) وليقل : اللهم افتح لي أبواب رحمتك ، وإذا خرج فليسلم على النبي (ﷺ) ، وليقل اللهم اعصمني من الشيطان الرجيم)[١٦] .

مانای پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : (گەر یەکێك لەئێوە چوە ژوورەوە بۆ مزگەوت ، سەلاوات لەپێغەمبەر بدات وە بڵێت : خوای گەورە دەروازەکانی بەزەیت بۆم بکەرەوە ، وە ئەگەر هاتە دەرەوە با سەلات لە پێغەمبەر (ﷺ) بدات و بڵێت : خوای گەورە بم پارێزە لە شەیتانی ڕەجم کراو) .

وعن أبي حميد الساعدي – رضى الله عنه – قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((إذا دخل أحدكم المسجد فليسلم على النبي (ﷺ) وليقل : اللهم افتح لي أبوا رحمتك ، وإذا خرج فليقل : اللهم إني أسالك من فضلك)) [١٧] .

هەروەها مانای فەرمودەی پێشو تری هەیە بەلام لەم فەرمودەیەدا لەکاتی چونە دەرەوە لە مزگەوت دەڵێیت (خوای گەورە من داوات لێ دەکەم لەفەزڵی خۆتم پێ ببەخشە) .

وعن أنس – رضى الله عنه – قال : كان رسول الله (ﷺ) إذا دخل المسجد قال : (بسم الله ، اللهم صلي على محمد) ، وإذا خرج قال (بسم الله ، اللهم صلي على محمد) (رواه ابن ماجة[١٨] وابن السني [١٩]) .

ئەنەس – ڕەزای خوای لێ بێت – دەڵێت : پێغەمبەر (ﷺ) گەر بچوایەتە ژوورەوە بۆ مزگەوت دەیفەرموو : (بەناوی خوا ، خوای گەورە سەلات و سەلام بدە لەسەر محمد) .

---

(١٦) رواه أبو داود . كتاب الصلاة ، باب فيما يقوله الرجل عند دخوله المسجد .

(١٧) رواه ابن ماجة : كتاب المساجد والدعوات ، باب الدعاء عند دخول المسجد .

(١٨) كتاب الصلاة ، باب الدعاء عند دخول المسجد .

(١٩) باب ما يقول إذا دخل المسجد .

ڕۆیشتن بۆ مزگەوت و پەیوەست بون پێوەی وە
چاوەڕێ کردنی نوێژ لە دوای نوێژ

عن أبي هريرة – رضى الله عنه – قال : قال رسول الله (ﷺ) : (من غدا إلى المسجد أوراح : أعد الله له في الجنة نزلا كلما غدا أو راح)[٢٠] .

واتە : (هەرکەس بڕوات بۆ مزگەوت یان بگەڕێتەوە : خوای گەورە لە بەهەشتدا شوێنێکی ڕێزداری بۆی ئامادە دەکات لەهەموو ڕۆشتن و گەڕانەوەیەکی‌دا) .

وە هەر لە (ابی هریرە) ەوە ڕەزای خوای لەسەر بێت دەڵێت : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : (نوێژی پیاوێك لە جەماعەتدا بیست و پێنج و ئەوەندە زیاترە لە نوێژی ماڵەوەی وە لەنوێژی بازاڕی ئەمەش گەردەست نوێژی گرت بەچاکی ، پاشان هاتە دەرەوە بۆ مزگەوت و تەنها لەبەر ئەمە هاتە دەرەوە : هەر هەنگاوێك کە دەینێت پلەیەك بەرزی دەکاتەوە ، وەتاوانێکی لەسەر دەسڕێتەوە ، گەر نوێژی کرد فریشتەکان بەردەوام بۆی دەپاڕێنەوە مادام لەشوێنی نوێژ کردنەکەی‌دا بێت : (فریشتەکان دەڵێن) خوای‌گەورە سەڵەوات بدە لەسەری ، خوای گەورە لێی خۆش بە ، خوای‌گەورە ڕەحمی پێ بکە ، وە بەردەوام لەنوێژدا دەبێت ئەوەندەی چاوەڕێی نوێژ بێت)[٢١] .

وەهەر لە (ابی هریرە)ەوە – ڕەزای خوای لێ بێت – دەڵێت : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : (ئایا هەواڵتان پێ بدەم بەوەی کە خوای گەورە تاوانی پێ دەسڕێتەوە وە پلەشی پێ بەرزدەکاتەوە ؟ ووتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :

---

(٢٠) رواه البخاري في كتاب صلاة الجماعة ، باب فضل من غدا إلى المسجد ، ومسلم في كتاب ، باب المشي إلى صلاة .

(٢١) روا البخارى في كتاب الطهارة في كتاب الصلاة ، باب الصلاة في مسجد السوق، ومسلم في كتاب الصلاة ،باب فضل صلاة الجماعة .

دەست نوێـژ گرتـن لـەكاتی ناڕەحـەتی‌دا [٢٢] ،وە زۆر هـەنگاو نـان بـۆ مزگـەوت ، وە چـاوەڕێ كـردنـی نوێـژ لـەدوای نوێـژ ؛ ئـەوە سـەنگەرنشـینی‌تانە ، ئـەوە سـەنگەر نشینیتانە)[٢٣]

وعن بريدة – رضي الله عنه – : أن النبي (ﷺ) قال : (أبشـروا المشـائين في الظلـم إلى المسـاجد بـالنور التـام يـوم القيامـة) (رواه أبوداود[٢٤] والـترمذي[٢٥]) . واتـە: (مـژدە بـدەن بەوانـەی لەتاریكی دا دەڕۆن بۆ مزگەوت بە ڕۆشنایی تەواو لەڕۆژی قیامەتدا) .

نوێـــژی سلاوی مزگـــەوت

(تحية المسجد)

عن أبي قتادة السلمي – رضي الله عنه – أن رسول الله (ﷺ) قال : ((إذا دخل أحدكم المسـجد فليركع ركعتين قبل أن يجلس)) وفي رواية ((فلا يجلس حتى يصلي ركعتين)) (متفق عليه)[٢٦] .

واته : (ئەگەر یەكێكتان چونە ژوورەوەی مزگەوت با دوو ڕكات ئەنجام بدات پێش ئەوەی دابنیشێت) وە لەڕیوایەتێكی تردا : ((تا دوو ركات نوێژ نەكات دانەنیشێت)) .

هەروەها لەوەوە لەڕیوایەتێكی تردا : ((چومە ژوورەوە بۆ مزگەوت و پێغەمبەر (ﷺ) لەنێوان خەڵكی‌دا دانیشتبوو ، دەڵێت : دانیشتم . پێغەمبەر (ﷺ) فـەرمووی : (چـی بووە ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! تۆم بینی دانیشتبوی و خەڵكیش دانیشـتبوو . فەرموی : (گەر یەكێكتان هاتە ژوورەوە بۆ مزگەوت ، با دانەنیشێت تاوەكو دوو ڕكات دەكات)) رواه مسلم[٢٧] .

---

(٢٢) وەك (سەرماو نەخۆشی‌و ....) وەرگێڕ.

(٢٣) رواه مسلم ، كتاب الطهارة باب اسباغ الوضوء على مكاره .

(٢٤) كتاب الصلاة ، باب ما جاء في المشي إلى الصلاة في الظلم .

(٢٥) كتاب أبواب الصلاة باب ماجاء في فضل العشاء والفجر في جماعة .

(٢٦) رواه البخاري في كتاب الصلاة ، باب إذا دخل المسجد فليركع ركعتين ، ومسلم في كتابه صلاة المسافرين بـاب استحباب تحية المسجد بركعتين .

(٢٧) كتاب الطهارة المسافرين باب استحباب تحية المسجد بركعتين .

دانیشتن لەمزگەوتدا و گفتوگۆ تیایدا

لە (سماك بن حرب) دەڵێت : بە (جابر بن سمرة) م ووت : (تۆ دائەنیشتیت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دا ؟ ووتی : بەڵێ زۆر ، پێغەمبەر (ﷺ) هەڵ نەدەستا لەشوێنی نوێژ کردنەکەی کە نوێژی بەیانی تیادا کرد بوو تاوەکو ڕۆژ هەڵ دەهات ، کاتێك ڕۆژ هەڵ دەهات هەڵ دەستا ، جا گفتو گۆیان دەکرد سەبارەت بە ڕووداوەکانی جاهیلی ، پێ دەکەنین ئەویش زەردەخەنە دەی گرت)رواه مسلم[٢٨]والنسائي [٢٩] .

وەلەریوایەتی (الترمذي) دا : ((لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتووم زیاتر لەسەد جار ، هاوەڵەکانی هۆنراوەیان دەووت ، وە هەندێك کاری جاهیلیان دەگێڕایەوە ، ئەویش بێدەنگ بوو ، لەوە دەچێت پێکەنیبێت لەگەڵیاندا))[٣٠] .

بۆن لەخۆدان و سیواك کردن

عن أبي هريرة – رضي الله عنه – أن رسول الله (ﷺ) قال : (غسل يوم الجمعة على كل محتلم ، وسواك ، ويمس من الطيب ما قدر عليه)رواه مسلم [٣١] .

واتە : (غوسلی ڕۆژی هەینی لەسەر هەموو پێگەیشتویەك ، و سیواك کردن ، وە لەخۆدانی بۆنی خۆش چەندە توانی)

ڕێك کردنی ڕیزەکان

عن ابن مسعود – رضي الله عنه – قال : كان رسول الله (ﷺ) يمسح مناكبنا في الصلاة ويقول : (استووا ، ولاتختلفوا فتختلف قلوبكم ، ليلني منكم أولو الأحلام والنهى ، ثم الذين يلونهم ، ثم الذين يلونهم)رواه مسلم [٣٢] .

([٢٨]) كتاب المساجد ، باب فضل الجلوس في مصلاه الصبح .

([٢٩]) عمل اليوم والليلة ، باب القعود في المسجد بعد الصلاة .

([٣٠]) كتاب أبواب الأستئذان ، باب ما جاء في انشاد الشعر .

([٣١]) كتاب الجمعة ، باب الطيب والسواك يوم الجمعة .

واتــە : (عبــدالله ی کــوڕی مســعود)دەڵێــت : پێغەمبــەر (ﷺ) شــوێنەکانی پێ‌پڕدەکردینــەوەو دەیفــەرموو: (ڕێــك بوەســتن ، وە باجیــاوازی نــەبێت (بۆشایی)لەنێوانتاندا چونکە دڵەکانتان جیاواز دەبن ، با کەسانی ژیر و بە هێمن لێم نزیك بنەوە ، پاشان ئەوانەی بەدوایاندا دێت ، پاشان ئەوانەی بەدوایاندا دێت) .

فێرکردن و ڕێنمویی کردن لە مزگەوتدا

لە (أبي هریــرة)ەوە - ڕەزای خــوای لێ بێـت - : (پێغەمبـەر (ﷺ) هاتـە ژوورەوە بـۆ مزگەوت ، پیاوێکیش هاتە ژوورەوە نوێژی کرد ، پاشان هات بۆلای پێغەمبـەر (ﷺ) سڵاوی لێ کرد ، پێغەمبـەر (ﷺ) وەڵامـی سڵاوەکەی دایەوەو فەرمووی : (بگـەڕێرەوە نوێژەکەت بکەرەوە چونکە تۆ نوێژت نەکرد) گەڕایەوە و نوێژی کرد بە وێنـەی نوێـژی پێشویی ، پاشان هاتەوە بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) و سڵاوی لێ کرد ، پێغەمبەر (ﷺ) پێ‌ی فەرموو : (وعلیك السلام) پاشان فەرمووی : (بگەڕێرەوە نوێژ بکە ، چونکە تۆ نوێـژت نەکردوە) تاوەکو ئەمەی کرد سێ جار ! پیاوەکە وتی : (بەوەی تۆی ناردووە بەهـەق لەوەی فێریان کردووم چاکتر نازانم ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : گەر هەستای بۆ نوێـژ تەکبیر بکە ، پاشان رکوع بەرە تاوەکو دڵ ئارام دەبێت لەرکوعدا ، پاشان هەستەرەوە تاوەکو بەتـەواوی ڕاست دەبیـەوە ، پاشـان بچۆرە سوجدە تاوەکو دڵ ئـارام دەبێـت لەسوجدەدا ، پاشان هەستەوە تاوەکو دڵ ئارام دەبێت لەدانیشـتندا ، پاشـان ئەمـە بکەلە هەموو نوێژەکانتدا) رواه مسلم[٣٣].

پارێزگاری کردن لەنوێژی جەماعەت

(عن أبي هريرة) - رضى الله عنه - : ان رسول الله (ﷺ) : ((صلاة الجماعة أفضل من صـلاة أحدكم وحده بخمسين وعشرين جزءا)) (رواه مسلم)[٣٤]

([٣٢]) كتاب الصلاة ، باب تسوية الصفوف .

([٣٣]) كتاب الطهارة ، باب وجوب قراءة الفاتحة في كل ركعة .

([٣٤]) كتاب المساجد ، باب فضل صلاة الجماعة .

واتە : (نوێژی کۆ بە فەزڵ ترە لەنوێژی یەکێکتان بەتەنها بیست و پێنج بەش) .
وە لەڕیوایەتی (ابـن عمـر) – ڕەزای خـوای لێ بێت – : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : (نوێژی کۆ بە فەزڵ ترە لە نوێژی تاك بە بیست و حەوت پلە)(متفق علیە)[٣٥] .
وە لە (أبي هريرة)ەوە – ڕەزای خوای لێ بێت – دەڵێت : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : (نوێژی پیاو لە جەماعەتدا زیاترە لەنوێژیماڵەوەی و بازاڕی بە بیست و پێنج پلە ، لەبەر ئەوەی گەر دەست نوێژی گرت بەچاکی ،
پاشان چوە دەرەوە بۆ مزگەوت و هیچ شتێك نەی هێنایە دەرەوە تەنها ئەو نوێژە نەبێت ئەوا هەر هەنگاوێکی : پلەیەك بەرزی دەکاتەوە ، وە تاوانێك دەسڕێتەوە ،تاوەکو دەچێتە مزگەوتەوە : گەر چووە ناو مزگەوتەوە ئەوا لە نوێژدا دەبێت چەندە لەبەر نوێژ بمێنێتەوە ،
وە فریشتەکان صەلەوات دەدەن لەسەر یەکێکتان مادام هەڵ نەستا بێت لەو شوێنەی نوێژەکەی تیادا کردوە ، دەڵێت : خوایە ڕەحمی پێ بکە ، خوایە لێی خۆشبە ، خوایە لێی ببورە ، گەر ئازاری کەسی تیادا نەدابێت ، گەر هیچی تیادا ڕوو نەدا بێت) (متفق علیە) [٣٦] .

نەرمی فێر کردن لەگەڵ ئەو کەسەی بەخراپ ڕەوشت دەکات لە مزگەوتدا

عن أنس – رضی الله عنه – : ((أن أعرابيا بال في المسجد ، فقام إليه بعض القوم ، فقال رسول الله (ﷺ) : (دعوه ولا تزرموه) ، فلما فرغ دعا بدلو ماء فصب عليه)) .
لە (ئەنەسەوە)ڕەزای خوای لێ بێت . (کابرایەکی دەشتەکی میزی کرد لەمزگەوتدا ، هەندێك لەخەڵکی بۆی هەستان ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی : (وازی لێ بێنن پێی

([٣٥]) رواه البخاري في كتاب صلاة الجماعة ، باب فضل الجماعة ، ومسلم في المساجد ، باب فضل صلاة الجماعة .
([٣٦]) رواه البخاري في كتاب صلاة الجماعة ، باب فضل صلاة الفجر ، ومسلم في كتاب المساجد ، باب فضل الصلاة الجماعة .

مهچرێنن)، کاتێك تهواو بوو پێغهمبهر (ﷺ) بانگی کرد دۆلکهیهك ئاوی بۆ بێنـن و کردی بهسهر شوێنهکهدا) .

وهلهڕیوایهتێکی تردا : (وازی لێ بێنن وه له شوێنی میزهکهیدا ئاو بڕێژن – نێنراون بۆ خهڵکی به ئاسان کاری نهنێنراون به گران کاری) متفق عليه[٣٧] .

بهجێ هێنانی زۆرینهی سونهتهکان لهغهیری مزگهوتدا

عن جابر بن عبدالله – رضـى الله عنـهما – قـال : قـال رسـول الله (ﷺ) ((إذا قضـى احدكـم الصلاة في مسجده ، فليجعل لبيته نصيبا من صلاته ،فإن الله جاعل في بيته من صلاته خيرا)) (رواه مسلم)[٣٨] .

واته : (گهر یهکێکتان نوێژهکهی بهجێهێنا لهمزگهوتهکهی دا ، با بهشی ماڵهوهی تێ بخات لهنوێژهکهی ، چونکه خوایگهوره خێر دهخاته ماڵهکهیهوه به هۆی نوێژهکهی تیایدا) .

ختستنه پێشی شارهزا بۆ ئیمامهتی

عن أبي مسعود الأنصاري – رضى الله عنه – قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((يؤم القوم أقرؤهم لكاتب الله ، فإن كانوا في القراءة سواء : فأعلمهم بالسنة ، فإن كانوا في السنة سواء ، فأقدمهم هجرة ، فإن كانوا في الهجرة سواء فأقدمهم سلماً ، ولا يؤمن الرجل رجل)) في سلطانه ، ولا يقعد في بيته على تكرمته إلا بإذنه)) رواه مسلم ([٣٩]) .

واته : (پێش نوێژی خهڵك دهکات شارهزاترینیان له کتێبهکهی خوا ، گهر له شارهزایدا بهئاست یهك بون : زانا تریان به سوننهت ، گهر له سوننهتدا به ئاست یهك

([٣٧]) رواه البخاري في كتاب الأدب ، باب الرفق في الأمر كله ، ومسلم في كتاب الطهارة ، باب وجوب غسل البول وغيره من النجاسات .

([٣٨])كتاب صلاة المسافرين ، باب استحباب صلاة النافلة في بيته .

([٣٩]) كتاب المساجد ، باب من أحق بالامامة .

بون ، ئەوەی لەپێش تردا کۆچی کردوە ، گەر لەکۆچدا بەئاست یەك بون ، لەپێش تریان لە موسڵمان بوندا ، وە با پیاو لەدەسەڵاتەکەی متمانە نەدات بەپیاوێکی تر ، وە بادانەنیشێت لەسەر ڕێزکراوی ئەو بۆی بێ مۆڵەتی)واتە (متمانە نەکات بە هەموو کەسێك لەدەسەڵاتەکەیدا)

مۆڵەت دانی ئافرەت بۆ ئامادە بونی نوێژی جەماعەت

عن أبي هريرة – رضى الله عنه – قال : قال رسول الله (ﷺ) ((لا تمنعوا إماء الله مساجد الله ، وليخرجن تفلات)) رواه أحمد[40] وأبوداود [41] . پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ((ڕێ گری ئافرەتان مەکەن لەماڵەکانی خوا ، وە بابێ لاکردنەوە دەرچن)) واتە (چاویان بگرن و زۆر ئاوڕی ئەملاو لا نەکەنەوە) .

وعن ابن عمر – رضى الله عنهما – عن النبي (ﷺ) قال : (إذا استأذت امرأة أحدكم إلى المسجد فلا يمنعها) (متفق عليه)[42] . واتە : (گەر ئافرەتی یەکێکتان مۆڵەتی لێ وەرگرتن بۆ مزگەوت با ڕێ گری لێ نەکات) .

وعن زينب الثقيفة – رضى الله عنه – قالت : رسول الله (ﷺ) : ((إذا شهدت إحداكن المسجد فلا تمس طيبا)) رواه مسلم [43] . واتە :(پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : گەر یەکێك لەئێوە ئەی ئافرەتان ئامادەی مزگەوت بوو با خۆی بۆن دار نەکات)[44].

([40]) المسند : ٤٣٨/٢

([41]) كتاب الصلاة ، باب في كتاب النكاح ، باب استئذان المرأ زوجها في الخروج إلى المسجد ، ومسلم في كتاب الصلاة باب خروج النساء إلى المساجد إذا لم يترتب عليه فتنة .

([42]) رواه البخاري في النكاح ، باب استئذان المرأ زوجها في الخروج إلى المسجد ، ومسلم في كتاب الصلاة باب خروج النساء إلى المساجد إذ لم يترتب عليه فتنة .

([43]) كتاب الصلاة ، باب خروج النساء إلى المساجد إذا لم يترتب عليه فتنة .

([44]) بۆن داری ئافرەتان بۆ مزگەوت دروست نیيە چ جای بۆ غەیری مزگەوت !!

ئاستی نێوان نوێژکەرو بەربەستەکەی

وعن سهل بن سعد الساعدي – رضى الله عنه –قال : ((كان بين مصلي رسـول الله (ﷺ) وبـين الجدار ممر شاة)) رواه مسـلم [٤٥] .واتـە : (سهل)دەڵێـت : (شـوێنی نوێژەکەی پێغەمبـەر (ﷺ) و نێوان دیوارەکە ڕێ ڕەوێ ڕۆشتنی بزنێك بوو) وە هـەروەها پێغەمبـەر (ﷺ) بـێ بەربەست نوێژی نەکردوە ، وە فەرمانی کردووە کە نوێژەکە بەربەست بۆ خۆی دابنێت ، بەڵام گەر بەجەماعەت بوو ئەوا بەربەستی ئیمامەکە بۆ هەموویانە ، وە ئەگەر چی خەڵکی بەنێو ڕیزەکاندا بڕۆن بەتاڵ ناکاتەوە مادام بە نێوان ئیمام و بەربەستەکەیدا نەڕۆیشتون ، دەتوانێت بڕوانیتە کتێبی (صفة صلاة) ی شێخ (الالبانی) کە بەم زوانەش بە کوردی دەکەوێتە بازاڕەوە .

پچڕاندنی نوێژی سوننەت کاتێك قامەت کرابو نوێژی فەرز

وعن أبي هريرة – رضى الله عنه – أن النبي (ﷺ) قال : ((إذا أقيمـت الصـلاة فـلا صـلاة إلا مكتوبة)) رواه مسلم[٤٦].

واتە : ((گەر قامەت کرا بۆ نوێژ ئەوا هیچ نوێژێك نامێنێت جگە لە فەرز نەبێت)) ڕاست وایە سونەتەکە ببچڕێنێت کاتێك قامەت دەکرێت بۆ نوێژی فەرز جا لەهەر حاڵەتێکی نوێژە سونەتەکەدا بوی وە بێ گومانیش خوای گەورە ئەو نوێژە سونەتەت بە تەواوی بۆ دەنوسێت گەر چی تۆ تەواویشت نەکردبێت ، ئەمەش بەڵگە زۆرە لەسەری ، نوێژە فەرزەکە زۆر لە پێش ترە لە نوێژە سونەتەکە .

---

(٤٥) كتاب الصلاة ، باب خروج النساء دنو المصلى من السترة .

ئیمام كاتی قامەت دەست نیشان دەكات

فعن أبي قتادة – رضى الله عنه – قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((إذا أقيمت الصلاة فلا تقوموا حتى تروني)) (رواه مسلم)[٤٧] واتە : (گەر قامەت كرا بۆ نوێژ هەڵمەستن تاوەكو من دەبینن هەڵدەستم) .

وعن جابر بن سمرة – رضى الله عنه – قال : ((كان بلال يؤذن إذا دحضت الشمس ، فلا يقيم حتى يخرج النبي (ﷺ) ، فإذا خرج أقام الصلاة حين يراه)) رواه مسلم [٤٨] . واتە : ((بیلال بانگی دەدا كاتێك ڕۆژ ئاوا دەبوو ، وەقامەتی نەدەكرد تاوەكو پێغەمبەر (ﷺ) دەهاتە دەرەوە ، كاتێك دەهاتە دەرەوە قامەتی بۆنوێژ دەكرد كاتێك دەیبینی)) .

ئامادەبون لەكۆڕە قورئانیو زانستەكانی مزگەوت

لە (أبي هريرة) ەوە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((........... وە هیچ كۆمەڵێك نیيە كە كۆدەبنەوە لەماڵێك لەماڵەكانی خوا كتێبەكەی خوا دەخوێننەوە و توێژینەوەی دەكەن لەنێوانیاندا ، ئیلا ، ئارامی لەسەریان دادەبەزێت ، وەڕەحمەت دا دەبارێ بەسەریاندا ، وەفریشتەكان لێ یان كۆدەبنەوە ،وە خوای گەورە باسیان دەكات لای ئەوانەی كە لەلای خۆین))رواه مسلم [٤٩] .

پاڕانەوە لەنێوان بانگ و قامەتدا

عن أنس – رضى الله عنه – قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((الدعاء لا يرد بين الآذان ولاقامة)) رواه أبو داود [٥٠] والترمذي [٥١]

---

(٤٧) كتاب المساجد ، باب حتى يقوم الناس للصلاة .

(٤٨) كتاب المساجد ، باب متى يقوم الناس للصلاة .

(٤٩) كتاب الذكر باب فضل الاجتماع على تلاوة القرآن وعلى الذكر .

(٥٠) كتاب الصلاة ، باب ماجاء في الدعاء بين الآذان والاقامة .

(٥١) كتاب الجهاد ، باب الدعاء عند اللقاء .

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ((پاڕانەوەی نێوان بانگ و قامەت ڕەت ناکرێتەوە)) .

وعن سهل بن سعد – رضیالله عنه – قال : قـال رسـول الله (ﷺ) ((ثنتـان لا تـردان أو قلمـا تردان : الدعاء عند النداء ، وعند البأس حين يلحم بعضهم بعضا)) رواه أبو داود[٥٢] .

هـەروەها فەرمویـەتی : ((دووان ڕەت ناکرێتـەوە وە یـان کـەم ڕەت دەکرێتـەوە : پاڕانەوە لەکاتی : بانگ دا ، وەلەکاتێکی ناڕەحەتی کە هەندێکیان دەگەن بە هەندێکی تریان)) واتە : (لەکاتی جیهاد کردن کە هەردوو لا دەگەن بەیەك) .

پەلە کردن کاتێك قامەت کراوە

عن أبي قتادة – رضیالله عنه – قال : ((بينما نحن نصلي مع رسول الله (ﷺ) فمنع جلبة فقال : ما شأنكم ؟ قالوا استعجلنا إلى الصلاة . قال : لا تفعلوا ، إذا أتيتم إلى الصلاة فعليكم السكينة ، فما أدركتم فصلوا ، وما فاتكم فاتموا)) (متفق عليه)[٥٣] .

(أبي قتادة)– ڕەزای خوای لێ بێت – دەڵێت : ((کاتێك ئێمە نوێژمان دەکرد لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) گوێی لە دەنگی خێرا کردنێك بوو فەرمووی : ئەوە چیتانە ؟ ووتیان : پەلەمان کرد بۆ نوێژ ، فەرمووی : ئەوە نەکەن ،

گەر هاتن بۆ نوێـژ ئـەنجام دان بـە ئـارامی وەرن ، فریای چـەندە کـەوتن بیکـەن ، وەچەندەش فریای نەکەوتبون تەواوی بکەن)) .

مانەوە تیایدا لەدوای نوێژی بەیانی تاوەکو هەڵ هاتنی خۆر

عن جابر بن سمرة – رضي الله عنه – أن النبي (ﷺ) : ((كان إذا صلى الفجر جلس في مصلاه حتى تطلع الشمس حسنا)) رواه مسلم[٥٤] .

([٥٢]) كتاب الجهاد ، باب الدعاء ،باب ما جاء في أن الدعاء لا يرد بين الأذان والاقامة .

([٥٣]) رواه البخاري في كتاب الأذان ،،باب قول الرجل فاتنا الصلاة ، ومسلم ، باب استحباب إتيان الصلاة بوقار وسكينة .

([٥٤]) كتاب الصلاة ، باب فضل الجلوس في مصلاه بعد الصبح .

واتـە : (جابر) دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك نوێژی بەیانی دەکرد دادەنیشت لە شوێنی نوێژ کردنی تاوەکو بەچاکی خۆر هەڵ دەهات) .

وعن أنس – رضيالله عنه – قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((من صلى الفجر جماعة ثم قعد يذكر الله تعالى حتى تطلع الشمس ، ثم صلى ركعتين :كانت كأجر حجة وعمرة ، تامة ، تامــة)) رواه البخاري(٥٥) .

(ئەنـەس) دەڵێـت : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ((هەرکەس نوێژی بەیانی کرد بەجەماعەت پاشان دانیشت زکری خوای کرد تاوەکو خۆرهەڵدێت ، پاشان دوو ڕکات نوێژی کرد ، ئەوە وەك پاداشتی حەج و عەمرەی بۆ دەنوسرێت بەتەواوی ، بەتەواوی ، بەتەواوی)) واتە بەتەواوی وەك پاداشتی ئەوەی بۆ دەنوسرێت .

باسی دووەم :

چی قەدەغەیە بکرێت لەمزگەوتەکاندا

زۆر شت هەن – حەرامن یا مەکروهن – کە پێویستە ماڵەکانی خوای لێ بپارێزین و بەدووریان بگرین لێ ی .

جا لێرەدا گرنگ ترین و بڵاوترینیان باس دەکەین :

بکرێتە گۆڕستان یا گۆڕستان بکرێتە مزگەوت

عن عائشة رضى الله عنها أن أم حبيــة وأم سـلمة – رضـيالله عنـهما – ذكرتـا كنيسـة رأتاهـا بالحبشة – فيها تصاوير – فذكرتا ذلك لرسول الله (ﷺ) فقال : ((إن أولئك إذا كان فيهم الرجل الصالح فمات بنوا على قبره مسجدا ، وصوروا فيه تلك الصور ، فأولئك شرار الخلق عند الله يوم القيامة)) (متفق عليه) (٥٦) .

---

(٥٥) كتاب أبواب السفر ، باب ما ذكر مما يستحب الجلوس في المسجد بعد الصلاة الصبح حتى تطلع الشمس .

(٥٦) رواه البخاري في كتاب الصلاة ، باب هل تنبش قبور مشركي الجاهلية ، ويتخذ مكانها ، ومسلم في المســاجد ، باب النهي عن الجلوس على القبر والصلاة عليه .

عائشە - ڕەزای خوای لەسەر بێت دەڵێت (أم حبیبـة) و (أم سـلمة) ڕەزای خوایـان لەسەربێت هـەردووکیان کەنیسـەیەکیان دی بـوو لـە حەبەشـە - وێنـەی تیـادابوو - ئەمەیان باس کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش فەرمووی : ((بێگومـان ئەوانە گەر لە ناویاندا پیاوێکی چاك بوبێت ، پاشان مرد بێت لەسەر گۆڕەکەی مزگەوتێکیان دەکرد ، وە ئەو وێنانەیان تیادا دەکرد ،ئەوا نەخراپترینی دروست کراوەکانن لەلای خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا)) .

وعن أبي مرثد الغنوى رضى الله عنه قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((لا تجلسوا على القبور ، ولا تصلوا إليها)) رواه مسلم[٥٧]

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی : ((لەسـەر گـۆڕ دامەنیشـن ، وە نوێـژ بـە ئاراسـتەی مەکەن)) .

وە لە (جندب بن عبدالله)ڕەزای خوای لێ بێت : گوێی لە پێغەمبەر بووە (ﷺ) پێش ئەوەی وەفات بکات بە پێنج ڕۆژ ، دەیفەرموو : ((ئەوانەی پێش ئێوە گۆڕی پێغەمبەر و پیاو چاکەکانیان دەکردە مزگەوت ، ئێوە گۆڕەکان نەکەنە مزگەوت ، من نـەهیتان لەمەڵ دەکەم)) رواه مسلم[٥٨] .

عن أبي هريرة - رضى الله عنه - قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((اللهم لاتجعل قـبرى وثـنا ، لعن الله قوما اتخذوا قبورا أنبيائهم مساجد))رواه مالك [٥٩] واحمد [٦٠] وعبدالرزاق[٦١] .

پێغەمبـەر (ﷺ) دەیفـەرموو : ((پـەروەردگارا گۆڕەکـەم نەکەیتـە پەرسـتگا ، خـوای گەورە نەفرینی کردووە لە قەومێك گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکردە مزگەوت)) .

عبدالله ی کوڕی مەسعود - ڕەزای خوای لێ بێت -قال : سمعت رسول الله (ﷺ) يقول : ((إن شرار الناس من تدركه الساعة وهم أحياء ، ومن يتخذ القبور مساجد)) رواه أحمد[٦٢] .

---

(٥٧) كتاب الجنائز ، باب النهى عن بناء المساجد على القبور .

(٥٨) كتاب الجنائز ، باب النهى عن الجلوس على القبر والصلاة عليه .

(٥٩)الموطا : ١٧٢/١

(٦٠) المسند : ٢٦٤/٢

(٦١) المصنف : ٤٠٦/١

واتە : عبدالله ی کوڕی مەسعود – ڕەزای خوای لێ بێت – دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەر بوو (ﷺ) ئەی فەرموو : ((خراپترینی خەڵکی ئەوەیە کە کاتی کۆتایی ژیان پێی دەگات و ئەو زیندووە ، وە ئەوانەی گۆڕ دەکەنە مزگەوت)) .

((الشیخ الألباني)) ڕەحمەتی خوای لێ بێت [٦٣] دەڵێت : ئەوەی تێ دەگەین لەم (الاتخاذ)بەسێ مانا لێ ی تێ دەگەین : دەیکەینە بە سێ مانادا :

یەکەم : نوێژ کردن لەسەر گۆڕ .

دووەم : سوجدە بردن بۆی وە نوێژو پاڕانەوە بە ئاراستەی .

سێیەم : دروست کردنی مزگەوت لەسەری بە مەبەستی نوێژ کردن تیایدا .

دانانی تەرم لە قیبلەی نوێژکاراندا لە نوێژی فەرزدا

عن أبي مرثد الغنوي – رضی الله عنه– قال : قال رسول الله (ﷺ) ((لاتجلسوا علـى القبـور ، ولا تصلوا إليها)) رواه مسلم [٦٤] والنسائي[٦٥] .

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی : ((لەسەر گۆڕ دامەنیشن ، وە بەئاراستەی نوێژ مەکەن)) .

((الشیخ الألباني)) دەڵێت [٦٦]نەقڵی کردووە لە (الشیخ علی القاری) کە عیلەتی نەهی کردن لەنوێژ بەئاراستەی تەرم ی باس کردووە : ((لەبەر ئەوەی گەورەیی زیادە ڕەوی تیادایە ، وەك ئەوە وابێت لەئاست و پلەی پەستراودایە ، گەر ئەم بە گەورە زانینە بە ڕاستی بۆ گۆڕەکە بێت یان خاوەنەکەی ئەوا کوفری گەورەیە ! جا شوبهاند بەمەوە مەکروهە ، وە ئەم کەراهیەتی‌یە پێویستە حەرام بێت ، وە لەمانایدا – بەڵکو لەپێش ترە لێی – تەرم دانانە لەقیبلەی نوێژ کەراندا)) .

([٦٢]) المسند : ١/٤٣٥

([٦٣]) أنظر : تحذير الساجد من اتخاذ القبور مساجد : ص ٢٩

([٦٤])كتاب الجنائز ، باب النهي عن الجلوس على القبر .

([٦٥]) كتاب القبلة ، باب النهي عن الجلوس على القبر .

([٦٦]) انظر : تحذير المساجد : ص٣٤

نەخش و نیگار کێشان و زیادە ڕەوی کردن لە توندو تۆڵ کردنەوەی

(ابـو سـعید) ڕەزای خـوای لێ بێـت : ((سـەقفی مزگەوتەکـە لـە توێکـڵ و حەسـیری دارخورما بوو ، عومەر - رەزای خوای لێ بێت - فەرمانی کرد بە دروست کردنەوەی مزگەوتەکەو فەرمووی : تا خەڵکی پارێزراو بن لەباران ، نەکەی مزگەوتەکە سوردارو سەوزدار بکەیت ، خەڵکی تووشی فیتنە بکەیت)) .

وە (ابن عباس)ڕەزای خوای لێ بێـت - وتویـەتی : ((نەخش و نیگاراوی دەکەن وەك چۆن گاورو جولەکە نەخش و نیگاراویان کرد))) (رواه البخـاري [٦٧]) . وروى ابـن أبـي شيبة بإسناد عن سعيد بن أبي سعيد مرفوعا : ((إذا زرقتم مساجدكم وحليتم مصاحفكم فالدمـار عليكم)) وقد صححه الألباني [٦٨] .

چونە دەرەوە تیایدا لەدوای بانگ

عن أبي الشعثاء قال : كنا قعودا في المسجد مع أبي هريرة فأذن المؤذن فقام رجل من المسجد يمشي ، فأتبعه أبو هريرة بصره حتى خرج ، من المسجد فقال : ((أما هذا فقد عصـى أبـا القاسـم (ﷺ))) رواه مسلم[٦٩] وأبو داود[٧٠] .

(أبي الشعثـاء) دەڵێت : دانیشتبوین لـە مزگەوتدا لەگەڵ (أبـي هريـرة)دا ، بـانگ بێـژ بانگی دا و پیاوێك هەستاو ڕۆیشت لەمزگەوتەکەدا ، وە (أبو هريـرة) چاوی دواخست تاوەکو کابرا چووە دەرەوە لە مزگەوتەکەدا ،ووتی :

((بەڵام ئەمە بێ فەرمانی (ابا قاسم) ی کرد (ﷺ) واتە (پێغەمبەر (ﷺ)) .

---

(٦٧) كتاب الصلاة ، باب المساجد .

(٦٨) الألباني : سلسلة الأحاديث الصحيحة .

(٦٩) كتاب المساجد ، باب النهى عن الخروج من المسجد إذا أذن المؤذن .

(٧٠) كتاب الصلاة ، باب الخروج من المسجد بعد الأذان .

تف و بەڵغەم كردن تیایدا تاوانە

عن أنس – رضى الله عنـه – قـال : قـال رسـول الله (ﷺ) : ((البصـاق في المسـجد خطيئـة ، وكفارتها دفنها)) متفق عليه [٧١] .

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :

((تف و بەڵغەم كردن لەمزگەوتدا تاوانە ، وە كەفارەتی شاردنەوەیەتی)) .

دوركەوتنەوەی ئەو كەسەی پیاز یان سیر دەخوات لە مزگەوت

لە (جابر)ەوە (ﷺ) كەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (مَنْ أكلَ ثوماً أو بصـلاً فَلْيَعتَزِلنـا – أو فَلْيَعتَزِل مَسجدَنا ، ولْيَقْعُدْ في بَيْته) وفي رِواية : (مَنْ أكلَ البَصلَ والثـومَ الكُـراثَ فـلا يَقربَـنَّ مَسْجدنا ، فإنَّ الملائكة تَتَأذى مما يَتَأذى منه ابن أدم) متفق عليه[٧٢] .

واتـە: هـەر كەسـێ سیرێك یـان پیـازێ بخـوات ، بـا دوور بكەوێتـەوە لێمـان – یـان بـا لەمزگەوتـەكانمان دوور بكەوێتـەوە وە لـەماڵی خـۆی دابنیشـێ) وە لەڕیوایـەتێكی تـر (هەر كەسێ پیازو سیر و كەوەر بخوات ئاوا با نزیكی مزگەوتەكانمان نەكەوێتـەوە . چونكە ئەو شتەی ئازاری ئادەمیزاد دەدات ئازاری مەلائیكەیش دەدات) .

گەڕان و هاوار كردن بۆ دۆزینەوەی شتی وون بوو تیایدا

لە (ابی هریرە)ەوە (ﷺ) دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (مَنْ سَـمِعَ رَجـلاً يَنْشدُ ضالّة في المَسْجد ، فَلْيَقُلْ : لا رَدّها الله عَليك ، فإنّ المساجد لَمْ تُبْنَ لِهذا) رواه مسلم [٧٣] .

([٧١]) رواه البخاري في كتاب الصلاة ، باب كفارة البصاق في المساجد ، ومسلم في المساجد ، باب النهى عن البصـاق في المسجد في الصلاة وغيرها .

([٧٢])رواه البخارى في كتاب الصلاة – باب كفارة البصاق في المساجد – ومسلم في كتاب المساجد باب النهي عن البصاق في المسجد وفي الصلاة وغيرها .

([٧٣]) رواه مسلم في كتاب المساجد باب النهي عن نشد الضالة في المسجد .

واتە : هەر کەسێ بیستی پیاوێك هاوار دەکات بۆ دۆزینەوەی شتێکی وون بووی ئەوا با بڵێت : ئەی خودا بۆتی نەگەڕێنێتەوە ! مزگەوت بۆ ئەمە بنیاد نەنراوە .

نەهی کردن لە سەفەر کردن بۆ غەیری سێ مزگەوتەکە

لە (أبي هريرة) ەوە (ﷺ) دەفەرموێ : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (لا تُشَدُّ الرِّحال إلاّ إلى ثلاثة مَساجد : المسجد الحرام ، ومسجدي هذا والمسجد الأقصى) متفق عليه[٧٤] .

واتە : سەفەر ناکرێت بۆ هیچ مزگەوتێ بەمەبەستی ئیعتکاف و زیارەت مەگەر ئەم سێ مزگەوتە نەبێ : مزگەوتی ماڵی خوا لە مەککە ، وە ئەم مزگەوتەی من[٧٥] وە مزگەوتی ئەقصی – لەقودسی پیرۆز[٧٦] . هەروەها (ابن عمر) (رضی الله عنهما) بەو کەسەی ووت کە پرسیاری لێ کرد بوو کە بچێتە شوێنی .... پاشان فەرمووی ، سەفەر ناکرێت تەنها بۆ سێ مزگەوت ....) رواه ابن أبي شيبة وصححه الالباني[٧٧] .

نەهی کردن لەدەنگ بەرز کردنەوە بە قورئان خوێندنەوەو زیکردن

لە (ابن عمر) (ﷺ) فەرمووی : پێغەمبەر (ﷺ) چووە لای خەڵکەکە بینی نوێژ دەکەن ، دەنگیان بەرز کردبۆیەوە بە قورئان خوێند ، فەرمووی (إن المُصلّي يُناجي ربّهُ فلْيَنْظر بمَ يناجيه ، ولا يَجْهَر بَعضكم على بعض بالقرآن)[٧٨] .

([٧٤]) رواه البخاري في كتاب فضل الصلاة في مسجد مكة والمدينة (باب فضل الصلا في مسجد مكة ومدينة) ومسلم في كتاب الحج (باب لا تشد الرحال الا إلى ثلاثة مساجد) .

([٧٥]) واتە : مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) لەمەدینە .

([٧٦]) مەبەست ئەوەیە نابێ سەفەر بکرێت لەشارێ بۆ شارێکی تر یان لە وڵاتێکی بۆ وڵاتێکی تر بۆ سەردانی کردنی مزگەوتێك ، تەنها ئەو سێ مزگەوتەی باسکرا .

بڕ ([٧٧]) بڕوانە (إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل رقم : ٩٥١ وتحذير الساجد ص ١٣٩) .

([٧٨]) رواه مالك في الموطأ (١/ ٨٠) و أبوداود ، وصححه الالباني في صحيح سنن أبي داود حديث / ١٣٠٣ .

واتە : نوێژ خوێن موناجات لەگەڵ پەروەردگاری دەکات ، جا با بزانێ موناجات چۆن دەکات . وە با کەستان دەنگ بەرز نەکاتەوە بەسەر کەستان بە قورئان خوێندن .
وەلە (أبي سعيد الخـدري)(رضي الله عنه) کەوا ئیعتکافی دەکرد لەمزگەوت بیستی موسڵمانەکان دەنگیان بەرز دەکەنەوە بە قورئان خوێندن ، پەردەکەی لادا[٧٩] وە فەرمووی (ألا إنكم كلكم مُناجٍ رَبّه ، فلا يُؤذين بَعضكم بعضا ولا يَرفَع بَعضُكم على القرآة أو قال : في الصلاة)[٨٠]
واتە : بزانن کەوا هەیە کە لە ئێوە موناجات لەگەڵ پەروەردگاری دەکات ، جا با کەستان ئازاری کەس نەدات وە با کەستان دەنگی بەرز نەکاتەوە بەسەر کەستان ئازاری کەس نەدات وە با کەستان دەنگی بەرز نەکاتەوە بەسەر کەستان و لە قورئان خوێندن دا یان فەرمووی : لەنوێژدا .
(شيخ علي محفوظ) یەکێکە لە مامۆستاکانی ئەزهر - رحمه الله - دەفەرموێ : (وە لەو بیدعە قەدەغە لێك کراوانە : دەنگ بەرز کردنەوەیە لە مزگەوت بە زیکر کردن ، هەروەها بە قورئان خوێندن تیایدا ، چونکە ئەوەی داوا کراوە لە خوێندنەوەی قورئان و زیکر کردن ، ئەوەیە بە نهێنی ئەنجام بدرێت ، خوای گەورە دەفەرموێ ﴿واذكر ربك في نفسـك تضرعـا وخفيـة ودون الجـهر مـن القـول بـالغدو والاصـــال ولا تكـن مـن الغـافلين﴾(الأعـراف : ٢٠٥) . واتە: یادی پەروەردگارت بکە لە نەفسی خۆت بە ملکەچی و ترسەوە وە بەبێ دەنگ پێ بەرزکردنەوەی بە بەیانی و ئێوارە ، وە نەبیتە یەکێك لە بێئاگاکان .
هەروەها خوای گەورە دەست درێژی کردن بەوە تەفسیر دەکات وەدەفەرموێ : (إدعـوا ربكم تضرعـا وخفيـة إنـه لا يحب المعتدين) الاعـراف : ٥٥ . واتە : لەخودا بپاڕێنەوە بە ملکەچی و نهێنیەوە چونکە بەڕاستی خوای گەورە دەست درێژکەرانی خۆش ناوێت.
واتە ئەوانەی دەنگیان بەرز دەکەن لە نزاو پاڕانەوەکانیان وە لەوەی هاتووە لە ئایەتەکان لەسەر هاندان بۆ وازهێنان لەدەنگ بەرز کردنەوە لە زیکر کردن . ئەو ئایەتەیە ﴿وإن تجهر بالقول فإنه يعلـم السّـر وأخفـى﴾ طـه :٧ . واتـە : ئەگەر دەنگت

([٧٩]) واتە پەردەی ئەو حوجرەیەی کە تیایدا ئیعتکافی کرد بوو .
([٨٠]) رواه أبوداود في كتاب الصلاة (باب رفع الصوت بالقرآءة في صلاة الليل).

دەرخەیت بەزیکر کردن جا لەدوعا یان غەیری ئەمە ئەوا پێویستی بەو دەرخستنەی تێ نییە ، چونکە ئەم هەموو نهێنییانەی بە شاراوەیی دەزانێ [٨١] وە بە صحیحی هاتووە لە (ابن مسعود)ەوە (ﷺ) کەوا بیستی خەڵکێك کۆبوونەتەوە لە مزگەوت دەنگیان بەرز کردۆتەوە بە (لا إله إلا الله) کردن و صلاوات دان لە سەر پێغەمبەر (ﷺ) ،ئەویش چوو بۆلایان و ووتی : شتی وامان نەبینی بوو و نەزانیبوو لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) وەئێوە جگە لە بیدعەچی هیچی ترتان تیا نابینم ، جا بەردەوام ئەم قسەیەی پێ دەووتنەوە تا دەریانی کرد لە مزگەوت[٨٢] .

ڕۆیشتن بە بەردەم نوێژ خوێنان

لە (بسر بن سعيد) (ﷺ) کەوا(زیدی کوڕی خالد الجهنی) ناردی بۆ لای (ابو جهيم) . بۆ پرسیار لێ کرد کەچی بیستووە لە ابو جهيم لەبارەی ئەوکەسەی بە بەردەم نوێژ خوێندا دەڕوات ؟ ابو جهيم ووتی : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لو يعلم المارُّ بين يدي المصلي ماذا عليه من الاثم : لكان أن يقف(أربعين) خيرا له من أن يَمرّ بين يديه)[٨٣] .

واتە : گەر ئەوەی بە بەردەم نوێژ خوێنێك تێپەڕ دەبێت دەیزانێ تووشی چی تاوانێك بووە گەر (چل) بوەستایە پێی چاکتر لەوەی بە بەردەمیدا بڕۆیشتایە)) أبو النضر – یەکێك لە ڕاویەکانی ئەم فەرمووده – دەڵێت : نازانم ووتی چڵ ڕۆژ یان مانگ یان ساڵ

نیەت هێنان بەدەم

نیەتهێنانی نوێژ خوێن بەدەم دروست نییە ، جا گەر بە تەنیا بوو یان بە کۆمەڵ ، یان ئیمام بوو یان مەئموم ، فەرز بێت یان سوننەت ، بە نهێنییەوە بێت نیەتهێنانەکەی

---

(٨١) الإبداع في مضار الابتداع ص ١٨٣

(٨٢) بڕوانە زبدة الاعتصام ص ١١٤

(٨٣) رواه البخاري (في كتاب الصلاة – باب إثم المار بين يدي المصلى) ومسلم (في كتاب الصلاة – باب منع المار بين يديه المصلى) .

یان دەربخرێت .... چونکە نەهاتووە لە پێغەمبەر (ﷺ) یان لە سەحابەکان و تابعیەکان شتێکی لەم بابەتەیان کردبێت .

شێخی ئیسلام (ابن تیمیة) - رحمه الله - دەفەرموێت : (دەرخستنی نیەت دروست نیە لەلای هیچ لەزانایانی موسڵمانان وە پێغەمبەر (ﷺ) ئەنجامی نەداوەو وە هیچ کەس لە خەلیفەکانی یان سەحابەکانی و سەلەفی ئوممەت و پێشەوایانی ، ئەنجامیان نەداوە جا هەرکەسێ بڵێت ئەمە دینی خوایە وە واجبە . ئەوا پێویستە شەریعەتی پێبناسێندرێت و داوای تۆ بەکردنی لێ بکرێ لەو قسەیە ، گەر هەر سوور بوو لەسەری ، ئەوا دەکوژرێت . بەڵکو گەر نیەتێك واجب کرا بێت ، وەك لەدەست نوێژ و خۆ پاکردنەوە لە لەش گرانی و نوێژ رۆژوو و زەکات و غەیری ئەمانەش ئەوا شوێنەکەی ناو دڵە ، بە یەك دەنگی پێشەوایانی موسوڵمانان نیەت : بریتیە لە ویستمان و ئیرادە ، جا ویست و ئیرادە شوێنیان دڵە بەیەك دەنگی خاوەن ئەقڵ و تێگەیشتوان . گەر نیەت بەدڵ بهێنێ . ئەوا نیەتەکەی دروستە : لەلای هەر چوار ئیمامەکە[٨٤] وە سەرجەم پێشەواکانی تری موسڵمانان لەسەرەتاکان و دواییەنەکان وە ئەمە خیلافی تیا نیە لەلای هەر کەسێ خەڵکی شوێنی بکەون و فتوا بە قسەکانی بدرێ[٨٥] .

کڕین و فرۆشتن تیایدا

لە ابی هریرە وە (رضي الله عنه) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی (إذا رأیتم مَنْ یبیع أو یبتاع في المسجد فقولوا : لا أربح الله تجارتك ......)[٨٦] .

واتە : گەر هەر کەسێکتان بینی شتێك دەفرۆشێ یان شتێك دەکڕێ لەمزگەوت ئەوا پێی بڵێن : ئەی خوا قازانج نەخاتە بازرگانیەکەتەوە .

(٨٤) أبو حنیفه و مالك و شافعی وأحمد – رحمهم الله أجمعین -

(٨٥) الفتاوى الكبرى (١/١) لابن تیمیة

(٨٦) رواه الترمذي كتاب البيوع –باب النهي عن البيع في المسجد .

شکاندنی حورمەتی مزگەوت

ئەوەش بە چەپڵە لێ دان و فیکە لێدان ، یان هاوار کردن ، یان وێنەکێشان و وێنەگرتن یان ژەنینی هەر ئامێرێکی خۆشی و رابواردن تیایدا . ئەو شتە حەرامانەش پێویست بە بەڵگە هێنانەوە بۆیان ناکات چونکە زۆر روونە وەك ڕوونی خۆر لەناوەڕاستی ڕۆژدا وەك لە سائیبی کوڕی یزید (ﷺ) هاتووە دەفەرمووێ وەستا بووم لە مزگەوت . پیاوێ سەیرم کرد عومەری کوڕی خەتاب بوو ووتی بڕۆ ئەم دوو کەسەم بۆ بهێنە ، منیش بۆیم هێنان ووتی ئێوە کێن ؟ یان خەڵکی کوێن ؟ ووتیان خەڵکی (طائیف) ین [٨٧] ووتی گەر لە خەڵکی ئەم شارە – مەدینە – دەبوون ئەوا لێدانێکی چاك لێتانم دەدا . ئەوە دەنگتان بەرز دەکەنەوە لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) ؟ ![٨٨] .

دوورکەوتنەوە لە پیس کردنی

لە انس (ﷺ) دەفەرموێ ، جارێکیان لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین لەمزگەوت . دەشتەکیەك (أعرابي) هات و میزی کرد لە مزگەوتەکە ، هاوەڵانی ئەی ، ئەی ، نەکەی ! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا تزرموه ولا تقطعوا عليه بوله) واتە: وازی لێ دەهێنا هەتا میزەکەی پێ مەبڕن ئەوانیش وازیان لێ هێنان هەتا میزەکەی کرد پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کرد و پێی ووت (إن هذه المساجد لا تصلح لشيء من هذا البول ولا القذر إنما هي لذكر الله عز وجل والصلاة وقراءة القرآن.....) واتە : ئەم مزگەوتانە بۆ هیچ شتێك دەست نادات جگە لە زیکر خودا تیا کردنی و نوێژ و قورئان خوێندن .... پاشان فەرمانی دا بە یەکێك لە خەڵکە کە سەتڵێك ئاو بهێنێت بیکا بەسەر میزەکە[٨٩] .

جا دەڵێم : لەم فەرموودەدا : حەرام کردنی پیس کردنی مزگەوتی تیایە ، وە بە پەرۆشی هاوەڵانی بەڕێز بۆ نەهێشتنی خراپەکاری ، هەروەها قەدەغەکردنی میز بڕین

---

(٨٧) شارێکە لەنزیك مەککە .

(٨٨) رواه البخاري في كتاب الصلاة باب رفع الصوت في المساجد .

(٨٩) رواه مسلم .بڕوانە الابداع في مضار الابتداع ص١٨٤ و المسجد في الاسلام ص ١٤،١٥) لخير الدين الوائلي .

لەو کەسەی میز دەکات ، هەروەها ڕەحم و بەزەیی پێغەمبەر (ﷺ) بە ئوممەتەکەی وە پێویستی فێر کردن و ئامۆژگاری کردنی خەڵکی بەکارزانی و چاکە ، وە هەروەها نەدانی پیسی بە ئاو پێدا کردن .

پەنجە تێك ئالاندن

لە ابی سعید الخدری (ﷺ) دەفەرموێ : (پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : (إذا كان أحدكم في المسجد فلا يُشبكنّ ، فإن التشبيك من الشيطان وإن أحدكم لا يزال في الصلاة ما كان في المسجد حتى يخرج منه)[٩٠] .

واتە : گەر هەر کەسێ لەئێوە لەمزگەوت بوو ئەوا با پەنجەکانی تێك نەئالاێنێت ، چونکە پەنجە تێك ئالاندن لە شەیتانەوە ، وە هەرکەسێ لەئێوە هەر لە نوێژەدایە هەتا لە مزگەوتدا ما بێت تا دەچێتە دەرەوە .وە لە (كعب (ﷺ) دەفەرموێ : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (إذا توضأ أحدكم فأحسن وضوءه ، ثم خرج عامدا إلى المسجد فلا يشبكن بين يديه فإنه في صلاة)[٩١] .

واتە : گەر یەکێ لە ئێوە دەست نوێژێکی گرت ، بەجوانی ئینجا ڕۆیشت بۆ مزگەوت ، ئەوا با دەستەکانی تێك نەئالێنێت چونکە ئەو لەنوێژدایە)) .

لەم دوو فەرموودەدا کەراهیەتی پەنجە تێك ئالاندن بۆمان بەدەردەکەوێت لەکاتی دەرچوون بۆ نوێژ و کاتی چاوەڕوان کردنی و لەکاتی مانەوەی لەمزگەوت .

ڕاگەیاندنی هەواڵی مردنی مردووێ: لەسەر منارە یان لە مەکەبەرەی مزگەوتەکان

لە (حذيفة)(ﷺ) کەوا پێغەمبەر (ﷺ)(نهى عن النّعي)[٩٢] .

واتە نەهی کردووە لە ڕاگەیاندنی هەواڵی مردوو . وە هەرچی بەڵگە هاتووە لەسەر دروستی بڵاوکردنەوە ڕاگەیاندنی مردنی مردوو – وەك نەجاشی[٩٣] ئەوا بەوە لێك

---

(٩٠) رواه أحمد في (المسند) .

(٩١) رواه أبو داود في (كتاب الصلاة – باب ما جاء في الهوي في المشي إلى الصلاة)

(٩٢) رواه أحمد في المسند (٢/٤٠٦)

(٩٣) بڕوانە (أحكام الجنائز وبدعها ص ٣٢-٣٣)للالباني

دەدرێتەوە وەك زانایان دەفەرموون [٩٤] بۆ ئەو كەسەیە كە هاوەڵەكە بۆ ئەو گرینگە بۆ هاتن بۆ شۆردنی یان كفن كردنی یان نوێژ كردن لەسەر یان داوای لێ خۆش بوون بۆی ر شیێچی ـر .

ئەوەی ئەووترێت لە پێش بانگدان و دوای بانگدان

ئەوەی كە گومانی تیا نی‌یە – لەوانە بانگدان – تەوقیفیە – واتە چۆنیەتی ئەنجام دانی تەنها خوداو پێغەمبەر (ﷺ) دیاری دەكەن – چونكە نابێ ئیجتهاد بكرێت گەر دەقی قورئان یان فەرموودەی صحیح هەبوو (لا اجتهاد في مورد النص) وە بواری زیاد كردن و كەم كردنی تیا نی‌یە . جا وەك ناسراو دیارە ، عیبادات (تعلیل) ناكرێ و قیاس ناكرێ لەسەری ، جا لەبەر ئەوە ئەڵێین : ووشەكانی بانگ دیاری كراوە ، وە ووتەكانی بە متەواتری هاتووە وە لەو شتانەیەكە زاندراوە لەدین وەك لە عبدالله ی كوڕی عمرو (ﷺ) هاتووە : كەوا بیستوویەتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (إذا سمعتم المؤذن فقولوا مثل ما يقول ، ثم صلوا علي ، فإنه من صلى علي صلاة ، صلى الله عليه بها عشرا ، ثم سلوا الله لي الوسيلة ، فإنها منزلة في الجنة لاتنبغي إلا لعبد من عباد الله . وارجوا أن أكون أنا هو فمن سأل لي الوسيلة حلت له شفاعتي يوم القيامة)[٩٥] .

واتە : هەر كەسێ لەئێوە گوێی لە بانگی بانگبێژ بوو ، ئاوا باوەكو ئەو بڵێت[٩٦] پاشان سەلاوات بدا لەسەر من چونكە هەر كەسێ سەلاوات لە من بدا ئەوا خوای گەورە بەو سەلاواتەی (١٠)دە سەلاوات ئەدا لەسەری [٩٧] . وە پاشان لەخودا داوا

---

(٩٤) بڕوانە (الروضة الندية) (١٧٥/١) صدیق حسن خان .

(٩٥) رواه مسلم في (كتاب الصلاة باب استحباب القول مثل قول المؤذن لمن سمعه) .

(٩٦) تەنها لە (حي على الصلاة) و (حي على الفلاح) دەبێ بڵێت (لا حول ولا قوة إلا بالله) .

(٩٧) سەلاوات : مانای دوعا كردن دێت ، وە بۆ خوای گەورە مانای لێ خۆش بوون ئەدات ، گەر بڵێ ی خوای گەورە سەلاوات ئەدا لەسەر بەندەكەی ئەوا واتە لێ ی خۆش دەبێت .

بكەن (وەسیلە)م پێ ببخشن [٩٨] چونكە (وەسیلە) شوێنێكە لەبەهەشت ، تەنها بۆ یەك بەندەیە لە بەندنەكانی خودا ، جا هیوادارم ئەو بەندەیە منبم ، وەهەركەسێ داوای (وەسیلە)م بۆ بكات ئەوا شەفاعەتی منی بۆ حەلاڵ دەبێ لەڕۆژی قیامەت) .

جا ئەوەی ئیمڕۆ بانگبێژەكان دەیكەن ، لە نەشید وتن و قورئان و خوێندن و دووعا كردن و زیكرو یاد كردن لەدوای بانگدان و لەپێشی ، پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ) بەتایبەتی ئەوەی داهێنراوە لە زیكرو تەسبیحات لەپێش بانگی بەیانی ، دەرەنجامی ئەوەش بۆتە وازهێنان لە بانگی یەكەم [٩٩] .

لەئەنجامی دەركەوتنی بیدعەی زكرو یاد كردن پێش بەیانی سوننەتی بانگی یەكەم پێش بەیانی مرێنراوە .

شێخ السید سابق : دەڵێت : (بانگدان لەسەرەتایی كاتەكەیە [١٠٠] بەبێ پێش خستنی یان دواخستنی : تەنها بانگی بەیانی دروستە پێش كاتەكەی . بانگبدرێت ، ئەگەر دەتواندرا بانگی یەكەم لە دووەم جیابكرێتەوە تا تێكەڵاو نەبێت) [١٠١] .

هەروەها لە عبدالله ی كوڕی عومەر (ﷺ) كەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (إن بلالاً یؤذین بلیل ، فكلوا واشربوا حتـى ینـادی ابـن أم مكتـوم) [١٠٢] واتە : بیلال بەشەو بانگدەدات [١٠٣] جا ئێوە بخۆن و بخۆنەوە [١٠٤] هەتا ابن أم مكتوم بانگدەدات [١٠٥] وە لە

([٩٨]) واتە بڵێت (اللهم رب هذه الدعوة التامة والصلاة القائمة آتي محمداً الوسیلة والفضیلة وابعثه مقام المحمود الذي وعدته) .

([٩٩]) چونكە بانگی بەیانی لە سوننەت دووانە ، جیاوازیەكەشیان تەنها ئەوەیە كە لەبانگی یەكەمدا جاردا لەدوا (حی علی الفلاح) دووجار دەوترێت (الصلاة خیر من النوم) بەڵام ئیمڕۆ لەبەر ئەوەی بانگی یەكەم ناوترێت ، ئەم ووشەیان خستۆتە بانگی دووەمەوە، بەمەش بیدعەكەیان توند تر كردووە .

([١٠٠]) واتە : هەر كە كاتی نوێژ هات دەبێ بانگ بدرێت .

([١٠١]) بڕوانە (فقه السنة) ١/١٠٠ .

([١٠٢]) رواه البخاری فی كتاب

([١٠٣]) واتە : بانگی یەكەم .

([١٠٤]) واتە گەر ویستتان بەڕۆژوو بن .

(عبدالله كوڕی مسعود)ەوە (ﷺ) دەفەرموێ : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا يمنعن أحدكم آذان بلال من سحوره فإنه يؤذن - أو قال ينادي - بليل ليرجع قائمكم ، وينبه نائمكم)[١٠٦] .

واتە : بانگدانی بیلال ڕێتان لێ نەگرێت لە پارشێو خواردن ، چونکە ئەو بانگدەدات - یان بانگتان دەکات - بۆ ئەوەی شەو نوێژ دەکات . کۆتایی بهێنێت وە ئەوەی نووستوە ئاگاداری بکاتەوە .

داخستنی مزگەوتەکان جگە لەکاتی نوێژەکان

خوای گەورە دەفەرموێ (ومن أظلم ممن منع مساجد الله أن يذكر فيها اسمه وسعى في خرابها أولئك ما كان لهم أن يدخلوها إلا خائفين) البقرة : ١١٤ . واتە : کێ لەو کەسە ستمکار ترە کە ناهێلێ مزگەوتەکانی خودا کراوە بێت و زیکری خودا بکرێت وە هەوڵی ڕووخاندنی بدات[١٠٧] ئا ئەوانە بۆیان نییە بچنە ناوی ئیلا بەترس[١٠٨]

جا وەك زاندراوە لەلای هەمووان :- مزگەوتەکان شوێنی حەسانەوەی دڵو دەروونی موسڵمانان بووە بەدرێژای مێژووی ئیسلامی ، کاتێك دڵو دەروونەکان ناڕەحەت و تەنگ دەبوون بەهۆی مەینەتی و ناخۆشیەکان ، وە ئەوەی گومانی تیا نییە ، داخستنی مزگەوتەکان ، تەنها لەکاتی نوێژ کردن نەبێ زیانی زۆرە بۆ موسوڵمانان و لەسەریان گرانە ، وەنابێ شتی وا بکرێت مەگەر لە چەند حالەتێکی لەناکاو دابخرێت لەچەند کاتێکی دیاری کراودا ، چونکە لەسەرەتای سەردەمی ئیسلام مزگەوت دەرگای کراوە بوو بە ڕۆژ و شەو .

تەکبیر کردن تەنها لە مزگەوت لەدوو جەژنەکە

سوننەت وایە موسوڵمانان تەکبیر بکەن لە دوو جەژنەکە لە ڕێگاکانیان و ماڵەکانیان و مزگەوتەکانیان ، تەنها ووتنی لە مزگەوت لە جەژندا لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) نییە

---

(١٠٥) واتە بانگی دووەم کە بەیانی بەمەردەکەوێ .

(١٠٦) رواه أحمد وغيره

(١٠٧) وەك سەربازەکانی شەیتان لەم وولاتە .

(١٠٨) بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم ئایەتە بڕوانە تفسیر ابن کثیر (١٥٦/١) .

ئیمامی النووی – رحمه الله – دەفەرمووێت ((سوننەتە تەكبیر كردن لەشەوی دوو جەژنەكە وە دروستە لە جەژنی ڕەمەزان (عید الفطر) لەدوای خۆر ئاوا بوونەوە تا ئیمام نوێژی جەژن دەكات وە سوننەتە كە لەدوای نوێژەكان و جگە لەمەش لە كاتەكانی تردا ، وە زۆر دووبارە بكرێتەوە لەكاتی قەرەبالغی خەڵكی ، وە دەكرێ تەكبیر بكات بە هەڵسانەوە و بەدانیشتن وە لەڕێگەوە لە مزگەوت وە لەسەر جێگەكەی))(١٠٩) .

وەهەرچی جەژنی قوربانە تەكبیر دەكرێت لەدوای نوێژی بەیانی لەڕۆژی (عەرەفە) تا نوێژی عەسر دەكات لەدوا ڕۆژەكانی (أيام التشريق)(١١٠) .

جا (ابن القيم) – رحمه الله – دەفەرموێت : چۆنیەتی تەكبیرەكە بەم شێوەیە : الله أكبر ، الله أكبر ، سێ جار بەدوای یەكدا ، وە لە سوننەت ئەوەیە نوێژی جەژن لە نوێژگە (المصلى) بكرێت نەك لە مزگەوت مەگەر بۆ پێویستی (١١١) .

خۆڕاگرتنی ووتار بێژی هەینی لەسەر شمشێر

وە هۆی ئەم بیدعەیە ، باوەڕی هەندێكیانە كە دین تەنها بە شمشێر بڵاو بۆتەوە .

شێخ علی محفوظ دەڵێت : وە لەو بیدعانەی پێچەوانەی سوننەت دەكەن : ووتار بێژ شمشێرێك لە تەختە بەدەستیەوە دەگرێت پێغەمبەر (ﷺ) شمشێر یان غەیری شمشێری بەدەستەوە نەدەگرت ، بەڵكو خۆی ڕادەگرت بەدار دەستێك یان كەوانێك پێش ئەوەی مینبەر بۆ خۆی دروست بكات وە قەد نەهاتووە لە پێغەمبەر (ﷺ)كەوا خۆی ڕاگیر كرد بێت بە شمشێر(١١٢) .

جا دەڵێم : وە زانراوە كە گەورەترین وڵاتی ئیسلامی لە جیهان (أندونيسيا)یە بە شمشێر نەگیراوە بەڵكو بە بانگەوازی كردن(١١٣) .

---

(١٠٩) بڕوانە (الاذكار المشروعة في العيدين)

(١١٠) (أيام التشريق) ئەو سێ ڕۆژەیە لەدوای ڕۆژی جەژنی و قوربانی كەنابێ تیایدا ڕۆژوو بگرێت .

(١١١) بڕوانە (زاد المعاد) (٤٤١/١-٤٤٩) .

(١١٢) بڕوانە الابداع ص ١٨٠

(١١٣) بڕوانە (الاقليات الاسلامية (التاريخ الاسلامي المعاصر) ص ١٥-١٨

بەشی سێیەم :

ئەوانەی دروستە (مباح) لە مزگەوت

هەندێك شت هەیە نە واجبە وە نە حەرامە بەڵكو ئاساییە (مباح) دەبێتە سونئەت گەر بوو بە هۆی كارێكی خێر و مەبەست پێ خوای گەورە بوو ، وە لەوانەیە حەرام بێت گەر بەرەو كارێكی حەرام یان مەكروە دەچوو یان بۆ خوا نەبوو بەڵكو بۆ ڕووپامایی و ناو دەنگ بوو .

ئیمامی بوخاری لە صەحیحەكەی لە (كتاب الصلاه) چەندان بەش (باب)ی هێناوەتە باسكردن لەبارەی مزگەوتەكان كە نیشانەی هەمە لایەنی و مەزنی ئەم ئایینە دەدات لەو بەشانە (بەشی هەر كەسێ بانگ بكرێت بۆ خواردن لە مزگەوت وە ئەوەی بەدەنگیەوە دێت) وە بەشی دادوەری و (اللعان)[١١٤] لە مزگەوت) وەبەشی (نووستنی ئافرەت لە مزگەوت) وە بەشی (قسەكردن لەمزگەوت) وە بەشی (ڕۆیشتن بەناو مزگەوت) وە بەشی (بەساكردنی كڕین و فرۆشت لەسەر مینبەر لە مزگەوت)وە بەشی (خزمەتكار بۆ مزگەوت) وە بەشی (دیل یان قەرز بارێك لە مزگەوت دەبەسترێتەوە) بەشی (چادر لەمزگەوت بۆ نەخۆشەكان) (غەیری ئەوانیش) وەبەشی (هاتنە ژوورەوەی بتپەرست بۆ مزگەوت) وەبەشی (كۆڕو دانیشتن لە مزگەوت) وە بەشی (گەر كچێكی بچووكی لەسەر ملی دانا لە نوێژدا) وە بەشی (مزگەوتەكان لەماڵان)وەبەشی

([١١٤]) اللعان : لە (لعنة)وە هاتووە لەشەرعی ئیسلامدا بەوە دەوترێت گەر پیاو ژنەكەی خۆی تاوانبار بكات بە زینا كردن و شاهێدیشی نەبێ ، دەبێ لەلای قازی چوار سوێند بخوات لەسەر ڕاستی شاهێدیەكەی لەپێنجەم جاردا بڵێت لەعنەتی خودام لەسەر بێت گەر ڕاستم نەوتبێت . وە گەر ژنەكەیشی دانینەنا بەمە دەبێ چوار جار سوێند بخوات كە شتی وای نەكردووە لەپێنجەمدا دەبێ بڵێت تووڕەیی خودام لەسەر بێت گەر ئەو ڕاست بكات ئەو كاتە حەددی زینا كردنەكە لەسەر ئافرەتەكە نامێنێ وە حەددی قذف المحصان لەسەر پیاوەكە نامێنێ . بڕوانە (القاموس الفقهي ص٣٢)وە تەفسیری ئایەتی (٥-١٠)لە سورەتی النور .

(نووستنی پیاو لە مزگەوت) وەبەشی (ئامادە بوونی حەیزدار لە دوو جەژنەکە) وە چەند بەشی تر کە دەلالەت دەدات لەوەی هەموو شتێك گەر بەرژەوەندی بەرزی ئیسلامی تیابوو ، ئەوا دروستە لە ماڵەکانی خودا .

ئێستاش هەندێ لەو شتانە باس دەکەین کە هەندێ لە موسڵمانان بە حەرامی دەزانن کەچی لە شتە ئاساییەکانە .

پاڵکەوتن لە مزگەوت و قاچ ڕاکێشان

لە عبدالله کوڕی یزید (ﷺ) : (أنه رأى رسول الله مستلقيا في المسجد واضعا إحدى رجليه على الأخرى ، وعن سعيد بن المسيب - رحمه الله - قال كان عمر وعثمان يفعلان ذلك)[١١٥] .

واتە:بینیم پێغەمبەر (ﷺ) لە مزگەوت پاڵکەوت بوو قاچێکی خستبووە سەر قاچەکەی تری) جا سعید کوڕی موسەیب دەفەرموێ : (هەروەها عومەر و عوسمانیش بەهەمان شێوە ئەم کارەیان ئەنجام)دەدا .

دادگایی کردن و گرتن لەمزگەوت

کعبی کوڕی مالك (ﷺ) داوای لەعبدالله کوڕی ابی حدرد کرد قەرزەکەی بداتەوەو لەوێ گرتیو قسەیان دەکردو دەنگیان بەرز بۆیەوە ، تا پێغەمبەر (ﷺ) گوێی لێ بوو لەماڵی خۆی[١١٦] هەتا پەردەی حوجرەکەی خۆی لاداو فەرمووی : (ئەی کعب !) ووتی : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی : (لەو قەرزەت خۆش ببە) ئیشارەتی بۆ نیوەی کرد - ووتی : ئەوە کردم ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی (ئینجا هەڵسە قەرزەکە وەربگرەوە) ئەویش قەرزەکەی وەرگرتەوەو لە نیوەیشی خۆش بوو .)

---

(١١٥)رواه البخاري في كتاب الصلاة – باب الاستلقاء في المسجد .

(١١٦) ماڵەکەی لەناو مزگەوت بوو .

یادکردن جگە لەکاتی نوێژکردن

لە عائشەوە (ﷺ) دەفەرموێ پێغەمبەر (ﷺ) هاتە لام ، منیش لەو کاتە دوو کچ لەلام بوون گۆرانیان دەووت گۆرانی (بعاث) لەسەر جێگەکە پاڵ کەوتوو ڕووی وەرگێڕا ، ابو بکر (ﷺ) هاتە ژوورەوەو سەر زەنشتی کردم ، وە ووتی : زوورنای شەیتان لەلای پێغەمبەری خوا ؟! پێغەمبەر (ﷺ) ڕوو کردە ئەبو بکر و پێی فەرموو: (وازبهێنە لێیان) جا کاتێك ئاگای لێ نەما ئیشارەتم پێیاندا و ڕۆیشتن).

هەروەها لەکاتی ڕۆژی جەژندا ، ڕەش پێستەکان یاریان دەکرد بە زرێو شمشێر جا یان من داواك کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) یان ئەمە فەرمووی : حەزت لێیە سەیری بکەی ؟ ووتم بەڵێ ! منی لەپشت خۆی داناو ڕوومەتم لەسەر ڕوومەتی بوو ، ئەی فەرموو دەی ئەی کوڕانی (ئەرفەدە)[117] هەتا بێزار بووم ، ئینجا فەرمووی : بەسە ؟ ووتم : بەڵێ.[118]

تێپەڕبوونی ئافرەتی حەیزدار بەناو مزگەوتدا

لە ابی هریرە (ﷺ) دەفەرموێ : (لەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ) لەمزگەوت بوو فەرمووی : یا عائشة ! ناولینی الثوب ، فقالت إني حائض فقال إنّ حیضتك لیس في یدیك فناولته)[119] .

واتە: فەرمووی : عائشە ئەم جلەم بۆ بهێنە - واتە لەمزگەوت - ووتی بەڵام لەحەیزدام ، فەرمووی ، خۆ حەیزەکەت بە دەستتەوە نییە ، ئینجا چوو بۆی هێنا .

وە حفصەی کچی سیرین (ﷺ) دەیفەرموو (کنا نؤمر أن نخرج البکر من خدرها ، حتی تخرج الحیض فیکن خلف الناس ، فیکبرون بتکبیرهم ویدعون بدعائهم یرجون برکة ذلك الیوم وطهرته)[120] . واتە : فەرمانمان دەکرا بچین کچەکان لە ماڵەکانیان بهێنینە دەر - واتە بۆ ئامادە بوون لە نوێژی جەژندا - هەتا ئافرەتە حەیز دارەکانیشمان دەردەهێنا ،

(117) بنو أرفدة : ناز ناوی حەبەشییەکان .

(118) رواه البخاری في کتاب العیدین . باب الحرب والدروع یوم العید .

(119) رواه مسلم في کتاب الحیض – باب جواز غسل الحائض رأس زوجها وترجیله .

(120) رواه البخاری في (کتاب الحیض – باب قرآءة الرجل في حجر امرأته وهي حائض

لەدواوەی خەڵکەکە ڕیز دەبوون ، لەگەڵ تەکبیری ئەوان تەکبیریان دەکرد وە بەهەمان دوعای ئەوان دوعایان دەکرد خوازیاری بەرەکەت و پاکیەتی ئەو ڕۆژە بوون وە لە – أم عطية – (ﷺ) دەفەرموێ (أمرنا رسول الله (ﷺ) أن نخرجهن في الفطر والآضحى : العواتق ، والحيض وذوات الخدور ، فأما الحيض فيعتزلن الصلاة ويشهدن الخير ودعوة المسلمين ، قلت يا رسول الله ، إحدانا لا تكون لها جلباب؟ فقال : تلبسها اختها من جلبابها)[١٢١] . واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ دەکردین دەریان بهێنین بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربانی: کەنیزەکان ، حەیزدارەکان وە کچەکان لەماڵەکانیان ، جا هەر چی حەیزدارەکان بوو دوور دەکەوتنەوە لە نوێژ کردن ، بەڵام بەشداری ئەو خێرەیان دەکردن و لەگەڵ موسڵمانان دوعایان دەکرد .

جا ووتم ئەی پێغەمبەری خوا تیاماندا هەیە بالاپۆشی (جلباب)[١٢٢] ی نییە فەرمووی : با خوشکەکەی بیداتێ .

ئاژەڵ هێنانە مزگەوت بۆ پێویستی

لە (ابن عباس) (ﷺ) دەفەرموێ : (طاف النبی علی بعير)[١٢٣] . واتە : پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر پشتی ووشترێك سووڕی خوارد بەدەوری کەعبە .

وە لە أم سلمه (ﷺ) دەفەرموێ : گلەیی حاڵم لەلای پێغەمبەر (ﷺ) کرد ووتم نەخۆشم فەرمووی (طوفي من وراء الناس وأنت راكبة)[١٢٤] .

واتە : طەواف بکە لەدوای خەڵکیەوە بە سوارێکەوە .

دەرچوونی ئیمام لەدوای قامەت کردن بۆ

(١٢١) رواه مسلم في كتاب الحيض – باب ذكر إباحة خروج النساء في العيدين إلى المصلى

(١٢٢) جلباب : ئەو جلەی کە هەموو لەش دادەپۆشێت بەڕوو و هەر دوو دەستەوە .

(١٢٣) رواه البخاری في الكتاب الحج – باب استلام الركن بمحجن .

(١٢٤) رواه البخاری في كتاب الصلاة – باب ادخال البعير في المسجد لعلة .

نوێژ بۆ خۆشۆردن

لە ابی سەلەمەی کوڕی عبدالرحمن کوڕی عوف (ﷺ) کەوا بیستوویەتی لە (ابی هریرە) دەیفەرموو :قامەت کرا بۆ نوێژ و ریزەکانمان ڕێك کرد ، پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بێت بۆ لامان کاتێك هات و چووە شوێنی نوێژکردنی پێش ئەوەی بڵێت (الله أکبر) بیری کەوتەوە - واتە خۆی بشوات لە لەش گرانی - ڕۆیشت و بە ئێمەی ووت لە شوێنی خۆتان بن ، ئێمەش هەر لە شوێنی خۆمان ماینەوە و چاوەڕێمان کرد هەتا هاتەوە بۆلامان و سەری ئاوی لێ دەتکا ئینجا ووتی (الله أکبر) و پێش نوێژی بۆ کردین)[١٢٥] .

هاتنی منالآن بۆ مزگەوت و هەڵگرتنیان لە ناو نوێژدا

لە ابی قتادە (ﷺ) دەفەرموێ (رأیت رسول الله یؤم الناس وإمامة بنت أبي العاص - ابنة زينب رسول الله (ﷺ)علی عاتقه فإذا رکع وضعها ، وإذا رفع من السجود أعادها)[١٢٦] . واتە : بینیم پێغەمبەر (ﷺ) پێش نوێژی بۆ خەڵك دەکرد و ئیمامەی کچی ابی العاص - کچی زینەی کچی پێغەمبەری خوای - لەسەر شانی بوو کاتێك دەچووە رکوعەوە دایدەنا وە کەهەڵدەستایەوە لە کڕنووش بردن هەڵیدەگرتەوە .

ئیمامی شوکانی - رحمه الله - دەفەرموێ (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەم جۆرە کارە - واتە هەڵگرتنی منال لەناو نوێژ - ئاساییە بەبێ جیاوازی لەنێوان فەرز و سوننەت ، وە بۆ ئیمام وە بۆ ئەوەی لە پشتی‌یەوە نوێژ دەکات . لەبەر ئەو زیادەیەی لە فەرموودەکەدا هاتووە (وهو یؤم الناس في المسجد) جا ئەگەر ئەمە دروست بێت بۆ ئیمام لە نوێژی فەرزدا ئەوا بۆ حاڵەتەکانی تر دروست ترە[١٢٧]

([١٢٥]) رواه البخاری في کتاب (الغسل ، باب إذا ذکر في المسجد انه اجنب) و مسلم في کتاب المساجد – باب متی یقوم الناس للصلاة.

([١٢٦]) رواه البخاری في (کتاب الصلاة باب إذا حمل جاریة) ومسلم في (کتاب المساجد باب جواز حمل الصبیان في الصلاة) .

([١٢٧]) بڕوانە نیل الاوطار : ١٣٤/٣

وە لەسوودەكانی ئەم فەرموودەیـە : دروسـتی هێنـانی منـاڵ بـۆ مـزگەوتـەكان ، وەك لەابی هریرە (ﷺ) هاتووە كە دەفەرمویٚ لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی عیشـامان دەكرد كاتێك دەچووە كڕنووشـەوە حەسـەن و حوسـێن (ﷺ) خۆیـان دەخسـتە سـەر پشـتی ، جا كـاتێك سـەری بـەرز دەكـردەوە بە سـووكی ئـەیگرتن و ئەخسـتنە سـەر زەویەكە [١٢٨] .

بەر پەرچدانەوەی ئەوانەی هاتنی منالان بۆ مزگەوت قەدەغە دەكەن

ئەوانەی هاتنی منالان بۆ مزگەوت حەرام دەكـەن بەلگە دەهێننـەوە بە فەرموودەیەكی لاواز (ضعيف) كە (الطبراني) بەسەنەدی خۆی لە (معـاذ)ی كوڕی جەبـەل (ﷺ) ڕیوایـەتی كردووە .

كە دەفەرمووێ پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی (جَنِّبُـوا مـسـاجدكم صبيـانكم وخصومـاتكم وحدودكم وشراءكم وبَيْعكم : وجمرها يوم جمعكم ، واجعلوا علـى أبوابـها مطـاهركم) . واتـە : منالـەكانتان دوور بخەنـەوە لـە مزگەوتـەكانتان وەكێشـەكانتان و جێبـەجێ كردنـی حەددە شەرعیيەكانتان و كڕیـن و فرۆشـتنەكانتان وە شـوێنی دەسـت نوێـژ و خـۆ پاكردنەوەكانتان لەلای دەرگاكانی دابنێن .

وەلامی ئەم گومانـەش ئەوەیە شوكانی دەڵێت لەوەلامدانـەوەی ئـەم گومانـە : ئـەوەی ئەو فەرموودەیەی لە موعاز گێڕاوەتەوە (مَكْحُولَ)ە (مكحول)یش هیـچی نەبیسـتوە لـە موعاز (لم يسمع منه) . هەروەها ابن ماجه ڕویایەتی كردووە لـە (واثلـة بـن الأسـقع)كەوا پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی (جنبـوا مـسـاجدكم صبيـانكم .... الحديـــث) ، بـەلام سەنەدەكەی (الحـارث بـــن شـــهاب)ی تیایـە ئـەمیش (ضعيــف)ە لـە ڕیوایـەت كردنـی فـەرموودە[١٢٩] شـوكانی بـەردەوام دەبێـت و دەڵێـت (ئـەو ئـەم دوو فـەرموودە لاوازە

(١٢٨) رواه أحمد في مسنده .

(١٢٩) نيل الأوطار (٣/١٣٤)

پێچەوانەی فەرمودە راستەکەی ئیمامە دەکەن)[١٣٠] .هەروەها فەرموودەکەی (أنس بـن مالك) (ﷺ) کە فەرموویەتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إنـی لأسمـع بكـاء الصّبـی وأنـا في الصلاة فأخفف مخافة أن تفتن امّه)[١٣١] . واتە : بەڕاستی من کاتێك گوێم لە گریانی منداڵ دەبێت لەو کاتەی لەناو نوێژدام ، ئەوا نوێژەکە کورت دەکەمەوە لە ترسی ئەوەی نەوەك دایکەکەی خەریك بکات و ئاگای لە نوێژەکەی نەمێنێ .

خواردن و خواردنەوە لە مزگەوت

لە عبدالله کوڕی (حارث)ەوە (ﷺ) دەفەرمووێ : (کنا نأکل علـى عـهد رسـول الله (ﷺ) في المسجد الخبز واللحـم)[١٣٢] . واتە : ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) لە مزگەوت نان و گۆشتمان دەخوارد .

ئیمامی النووی :- رحمه الله – دەفەرمووێ (خواردن و خواردنەوە ئاساییە لە مزگەوت وە سفرەی تیا دا بنرێت وە دەست شتن تیایدا)[١٣٣] هەروەها دەفەرمووێ : (شافعی و زانایانی مەزهەبی شافعی دەفەرموون : دروستە بۆ ئەو کەسەی دەمێنێتەوە لەمزگەوت بۆ (اعتکـاف)وەغەیری ئەویش بخوات و بخواتەوەو خوان دابنێـت ، وە دەسـتی تیـا بشوات . بەجۆرێك کەس عەزیەت نەدەدات بەدەست شۆرینەکەی .

هەروەهاوەلاّنمان – واتە زانایانی شافعی – دەڵێن : موستەحەبە بۆ ئەو کەسەی نان لە مزگەوت دەخوات سفرەیەك دابنێت کە ئەمە باشترو پاك ترە بۆ مزگەوت)[١٣٤]

---

(١٣٠) هەمان سەرچاوە (١٣٥/٣)

(١٣١) رواه البخاري في كتاب الأذان – باب من أخف الصلاة عند بكاء الصبي ومسلم في كتاب الصلاة – باب أمر الأئمة بتخفيف الصلاة .

(١٣٢) رواه ابن ماجة وصححه الالباني انظر تمام المنة ص ٣٩٥

(١٣٣) المجموع شرح المذهب (١٧٤/٣)

(١٣٤) هەمان سەرچاوە .

وە لەعبداللە کوڕی ئەبو بکر (ﷺ) دەفەرمووێت پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (هــل منكــم احد أطعم مسكيناً ؟ فقال أبو بكر دخلت المسجد فإذا سائل يسأل ، فوجــدت كســرة خبز بـين يدي عبدالرحمن ، فأخذتها ،فدفعتها إليه)[١٣٥]

واتە : کێ لە ئێوە خواردنی هەژارێکی داوە ؟ ئەبو بکر ووتی چوومە مزگەوت بینیم هەژارێك داوای نان دەکات (عبدالرحمن)م بینی پارچە نانێکی لەدەست دا بوو بردم و دام بە هەژارەکە .

شوکانی — دەفەرمووێ : لەسەر ئەم فەرموودەیە : المنذري دەڵێت : مسلم و نسائی بەهەمان مانا فەرموودەیەکیان ڕیوایەت کردووە بەتەوا تریش . لە أبی حازم سلمان الاشجعی[١٣٦] .

وە فەرموودەکە بەڵگەی دروستی خێر کردن و خواردن ئەدات لە مزگەوت وە لەسەر دروستی داواکردن لەکاتی پێویستی هەروەها شوکانی دەفەرمووێ (جێنیشین بوونی ئەهلی (الصّفّة) لە مزگەوت هاتووە لە صحیحی بوخاری و غەیری ئەویش : جا ئەوەی جێگە و ماڵ نەبێ جگە مزگەوت کەواتە دەبێ نان خواردنەکیشیان هەر لەوێ بێت ، وە هەروەها جێنشین کردنی وەفدی (ثقیــف) لە مزگەوت هەر بەڵگەی لەسەر ئەمە وە چەندان بەڵگەی تر هەیە لەسەر دروستی خواردن و خواردنەوە لە مزگەوت[١٣٧]

نووستن و تیمار کردن و چارەسەرکردن تیایدا

ئیمام نوری دەفەرموێ {دروستە نووستن لە مزگەوت وکەراهیەتی نیـیە ئەم دەقەی ووتی شافعیە لە کتێبی (الام) وە هاوەڵان –واتە زانایانی شافعی –یەك دەنگن لە سەر ئەمە ابن المنذر . دەڵێت لە (الاشراف) ڕێگایان داوە بە نووستن لە مزگەوت . ابن المسيب و عطاء و الحسن والشافعي وە هاوەڵانمان لە مەزهەبی شافعي بەڵگەیشیان بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە صحیحی بوخاری ومسلم هاتوو ، لە ابن -(ﷺ)

---

(١٣٥) رواه أبو داود في كتاب الصلاة ، باب المسألة في المساجد .

(١٣٦) نيل الأوطار (١٧٣/٣)

(١٣٧) نيل الأوطار (١٧٣/٣)

-دەفەرمووێ {كنت انام في المسجد وانا شاب اعزب } واتە : من دەنووستم لە مزگەوت ئەوكاتەی گەنجێكی عازەب بووم) هەروەها جێگیر بووە كە ئەهلی (الصفة) لە مزگەوت دەخەوتن هەروەها لە صحيح) بووخاری مسلم جێگیر بووە علی (ﷺ)لە مزگەوت خەوتووە .. هەروەها صفوانی كوڕی ئومەیە . تیایدا دەخەوت – وە كۆمەڵێكی تر لە هاوەڵان ، هەروەها ثومامەی كوڕی ئاسال(ﷺ)تیایدا دەخەوت پێش موسڵمان بوونی هەموو ئەمانەش لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)بوو [١٣٨]

هەروەها شافعی لە (الام) دا دەفەرموویێت : وەئەگەر بت پەرست لە مزگەوت بخەوێت ئەوا بە هەمان شێوە دروستە بۆ موسڵمانیش - بەڵگەیشی بە نووستنی ابن عمر و ئەهلی (الصفة) دەهێنایەوە) [١٣٩] هەروەها ابن عمر(ﷺ)دەفەرمووێ {كنّا في زمن رسول الله (ﷺ)ننام في المسجد ، نقيل فيه } [١٤٠] واتە : ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) لە مزگەوتی دەخەوتین (قیلولـــة) مان تیادەكرد [١٤١] هەروەها بوخاری ریوایەتی كردووە كە (انّ نبي (ﷺ) جاء وعلي مضطجع في المسجد قد سقط رداءه عن شقه واصابه تراب فجعل رسول الله يمسحه ويقول (قم يا ابا تراب)[١٤٢]

واتە : پێغەمبەر(ﷺ) چۆتە مزگەوت و ئیمامی علی پاڵ كەوتبوو كراسەكەی لە سەر شانی كەوتبوو ولەشی خۆڵاوی ببوو. پێغەمبەر(ﷺ) هاتوو لەشی دەسڕییەوە ودەیفەرموو{هەڵسە ئەی باوكی خۆڵ } شوكانی دەفەرمووێ { جومهوری زانایان لەسەر ئەوەن كەدروستە نووستن لە مزگەوت . وەك لە عائیشەوە (ﷺ)هاتووە كە لە جەنگیخەندەق . سعدی كوڕی موعاز بریندار بوو . پیاوێك لە قورەیش بە ناوی حبانی كوڕی عەرەقە تیرێكی لێ دابوو پێغەمبەری خوا(ﷺ)خێمەیەكی بۆهەڵدایەوە لە

([١٣٨]) المجموع شرح المهذب (٢/١٧٢و ١٧٣) .

([١٣٩])هەمان سەرچاوە .

([١٤٠]) رواه البخاری واحمد والنسائي و ابو داود .

([١٤١]) قیلولة نووستنی پێش نوێژی نیوەڕۆیە بە كاتژمێك یان دوو. ئەمەش سوننەتە .

([١٤٢]) رواه البخاری في (كتاب الصلاة –باب نوم الرجال في المسجد)ومسلم في (كتاب فضائل على ابن طالب) .

مزگەوت بۆئەوەیلە نزیکەوە سەردانی بکات [١٤٣] وەئەم فەرمووەدەیەش بەڵگەیە لەسەر دروستی چارەسەرکردنی نەخۆش لە مزگەوت . ئەگەر چی گومانی ئەوەی لێ دەکرا شتێك لە لەشی دەرچێت مزگەوتەکە پیس بکات (نیل الاوطار (٧١/٣)

هۆنراوە ووتن تیایــدا

لە ابـي هريـرة (ﷺ) عمــــر (ﷺ)بـەلای حسـان (ﷺ) رۆیشـت لـە مزگـەوت ئـەویش شعیردەووت .

عمر (ﷺ) بە تووڕەییەوە سەیری کرد .

حسان (ﷺ) ووتـی شیعرم لـە مزگـەوت دەووت و لـە تۆ چاکتریشـی تیابووە – واتـە پێغەمبـەر(ﷺ)و ابوبکر (ﷺ) پاشـان عمـر(ﷺ) فـەرمووی ئـەی ابوهریــرة – داوات لێ دەکام بەخوا وڵامم بدە .

تۆ بیستووتە . پێغەمبەر (ﷺ) بفەرمووێت {یا حسان أجب عن رسول الله . اللـهم أیـده بـروح القـدس } واتـە : ئـەی حسـان . لـە جیاتی پێغەمبـەری خوا وەڵامیـان بـدەو بـەر پەچیان بدە .

وەخوایە پاڵپشتی بکە بە (روح القدس) –جبریل)) ئەبو هریرە ووتیبەڵێ بیستومە [١٤٤] .

بەستنەوەی دیلی هاوەڵ پەرست لە مزگەوت و

---

(١٤٣) رواه البخاري في (كتاب المغازي –باب مرجع البني من الاحزاب)و مسلم في كتاب الجهاد – باب جواز مكان من نقض العهد

(١٤٤) رواه البخاري في (كتاب بدء الخلق – باب ذكر الملائكة) ومسلم في (كتاب الفضائل باب فضائل حسان بن ثابت .

دابەش كردنی پارە تیایدا

شوكـــانی – رحمـــه الله دەفـــەرمووێ (دانـــەر – مصنـــف – رحمـــەالله دەفـــەرمووێ [١٤٥] :

(جێگیربووە لە پێغەمبەر (ﷺ) كە (ثمامة بن اثال) ی لە مزگەوت بەدیلی بە ستۆتەوە . پێش ئەوەی موسڵمان بێت هەروەها جێگیر بووە كەوا پارەیەكی دابەش كرد لە بەحرێنەوە بۆی هاتبوو .فەرموودەی بەستنەوەی (ثمامة) لە بوخاری ومسلم هاتووە بەم (لفظ)ە {بعث النبي (ﷺ) خيلا قبل نجد ، فجاءت : برجل من بنى حنيفة يقل له ثمامة بن اثال فربطوه بسارية من سواري المسجد ، فاغتسل ثم دخل فقال اشهد ان لااله الا الله وانّ محمدا رسول الله } [١٤٦] واتە : پێغەمبەر(ﷺ) چەند سوار چاكێكی نارد بۆلای ناوچەی (نەجد) داوای ئەوەی كە هاتنەوە پیاوێكیان لە گەڵ خۆیاندا هێنایەوە بەدیلی گرتبویان . ناوی ثمامة بن اثال بوو . لە هۆزی (بنی حنیفە) بوو ، بردیان بەستیانەوە بە پایەێك لە پایەكانی مزگەوت ، پاشان نیەتی ئیسلام بوونی هەبوو ، چوو خۆی شۆردو هاتە ژوورەوە شایەتمانی هێنا)[١٤٧] .

هەروەها فەرموودەی دابەشكردنی پارەكە لەمزگەوت لە صحیحی بوخاری و غەیری ئەویش هاتووە بەم (لفظ)ە (أتي النبى (ﷺ) بمال من البحرين فقال : أنثروه في المسجد وكان أكثر مال أتي به رسول الله ......) .

واتە : هەندێ پارەیان هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لە بە حرێنەوە فەرمووی ، لە مزگەوت هەڵیرژن و دابەشی بكەن لە مزگەوت ، وەئەم پارەیە زۆرترین پارە بوو كە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هاتبوو .

---

(١٤٥) مەبەستی دانەری (منتقي الاخبار)ە (ابو البركات)ە كە باپیری (ابن تیمیە) یە

(١٤٦) رواه البخاري (كتاب المغازى – باب وفدبني حنيفة) ومسلم (كتاب الجهاد- باب ربط الاسير و حبسة وجواز المن علية) .

(١٤٧) نيل الأوطار (٣/١٧٣و١٤٣)

وە ئەم دوو فەرموودەیەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی دیلی موسڵمانان[١٤٨] ئەولا تـرە ، هەروەها لەسەر دروستی دابەش کردنی ماڵو پارە لە مزگەوتەکان .

جـا دەڵێـم : وەك ڕوون و دیـارە دیـل لـەکاتی مانـەوەی لــە مزگەوتــە دەخــوات و دەخواتەوە[١٤٩] .

هەروەها لە ڕیوایەتی ابن اسحاق هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (قد عفـوت عنـك یـا ثمامة اعتقتك) واتە ئەوا لێت خۆش بووم ئەی ثمامة وە ئازادم کردی .

هەروەها ئەوەندەی بۆ زیاد کردووە (کـاتێك دیل بـوو - واتـە ثمامـة - کۆیـان کردەوە لەماڵەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) لـەخواردن و شیر ، هێشتا ثمامـة تـێر نـەببوو ، جا کـاتێك موسڵمان بوو ، خواردنیان بۆ هێنا ، بڕێکی کـەمی لێ خـوارد ئەوانیش زۆر بەلایانـەوە سەیر بوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إن الكافر یأكل في ســبعة أمعـاء ، وإن المسـلم یـأكل في معي واحـد)) . واتـە : کـافر لەحـەوت ڕیخۆڵـە دەخـوات بـەلام موسـڵمان لـە یـەك ڕیخۆڵـە دەخوات .

هـەروەها هـاتووە لـە صـحیحی بوخـاری لـە (کتـاب الصـلاە) بەشـێك (بـاب) بـەناوی (الاغتسال إذا اسلم) واتە خۆ شۆرین گەر موسڵمان بوو وە (ربط الأسیر في المسجد) واتە : بەستنەوەی دیل لە مزگەوت .

کردنی مزگەوت بە شوێنی هەژار و بێ دەرامەتـان

ئیمام العابدین – رحمه الله –دەفەرمووێ : دانیشتن لە مزگەوت بۆ قسە کردن و گفتو گۆ لە بنچینەدا شەرع ڕێی پێداوە چونکە ئەهلی (صُفّة) تیا دەمانەوەو تیایدا دەخـەوتن و قسـەیان دەکردو بۆیـە بـۆ کـەس نی‌یـە قەدەغـەی بکـات)[١٥٠] . هــەروەها هــاتووە لــە صحیحی بوخاری (قال أنس (ﷺ) قدم رهط من عكل على النبی (ﷺ) فكانوا في الصفة وقـال

([١٤٨])واتە گەر دوو کۆمەڵی موسڵمان شەڕیان بوو ئەم شەڕە دیلی تیا بوو .

([١٤٩]) رواه البخاري

([١٥٠]) حاشیة ابن عابدین (١/٦٦٣)

عبدالرحمن بن أبي بكـر (ﷺ) كـان أصحـاب الصفـة الفقـراء). واتـه : ئەنـەس (ﷺ) دەڵێـت كۆمەڵە پیاوێك لە (عكل) هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) چوونـە نـاو ئەهلی (صفـە) وە ، عبدالرحمن کوڕی ئەبو بکر (ﷺ) دەڵێت ئەهلی (صفە) هەژارەکان بوون .

کۆتایی

بۆمـان روون بۆیـەوە لە ئـەنجامی ئـەم لێکۆڵینـەوەیـە لـە کتێبـەکانی سـوننەتی پـیرۆز گرینگی مزگەوتەکان و ڕۆڵی گـەورەی لـەژیانی موسـوڵمانان بەڕاسـتی مزگەوتـەکان بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی بەردەوام منارەی ڕێنمایی‌و هیدایەت بوونە لەسـەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و جەنگی و زانسـتی و ڕەوشتی و ڕاگەیاندن و پەروەردە کردن .... تا ئەو کاتەی موسڵمانان تووشـی بیدعەو خورافاتەکان بوون ، لێرەدا مزگەوتەکان گەڕایـەوە – بەداخـەوە – بـۆ بـوون بـە شوێنی یەك دروشم لە دروشمەکانی پەرستن : نوێژ ، وە لەهەندێ بۆنەو یـادا – وەك ڕەمەزان و حەج – لەدوای ئەوەی هۆکاری سورفرازی دنیاو ئاخیرەت بوو .

بەڵام خوای گەورە ویستی وا بوو کە نوری – کە ئەم دینەیە – هـەر بـەردەوام بێت ، وە دینەکەی بڵاو بکاتەوە بە دەسـتەڵاتی دەسـتەڵاتدار یان بە زەلیلـی بـێ دەسـتەڵاتان هەرچەند کافرانیش پێیان ناخۆش بێت .

خوای گەورە بۆ ئەو ئوممەتەی نارد کەسانێك ئایینەکەی سەر لەنوێ زیندوو بکەنـەوە ، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە نـاو سـنووری ئیسلام سـەر لـەنوێ ، لـەم سـەردەمە بەدەرکـەوت چەندان زانای پایە بەرز وە چەندان بانگخوازی بێ وێنە ، وە چاکسـازانێکی ڕێنمـووی کار کە کاریگەریەکی گەورەیان هەبوو لەو گەڕانەوەی موسڵمانان بۆ دینە ڕاستـەکەیان هـەروەها لەڕوانگـەی ئـەم لێکۆڵینـەوەیـەوە بۆمـان دەرکـەوت کـە زۆر لـەو شـتانەی کـە خەڵکی بەحەرام یان مەکروهی دەزانن ، لەئـەصڵدا ئاسـاییە بـەڵکو دروستیشـە وە زۆر لەو شتانەی خەڵکی بەحەڵاڵی دەزانن – وەك کفن کردنی مردوو لە مزگەوت لەڕاستیدا حەرامـە ئەگـەری چـی زۆر لـەخـەڵکی بەدروسـتی دابنێـن ، یـان هـەندێ لـەزانایان لێ ی بێدەنگ بن .

وە ئومێدمان گەورەیە – بەئیزنی خـوا – بـە گـەنجی موسـڵمانان کـە بگەڕێنـەوە بـۆ ئیسلامی پاك و بێگەردی ھەڵقوڵاوی سەرچاوە سەرەکیەکەی خۆی ، وە سەر لەنوێ پەیامی مەزنی مزگەوت و ڕۆڵی گەورەی بگەڕێننەوە . وە ئەمەش لەلای خودا گران نییە گەر نیەتەکان پاك بێت وەکردەوەکان چاك بێت .

الياس الكردي ١٤٢١ ك



المصادر

أ- قورئانی پیرۆز و زانستەکانی :

١-قورئانی پیرۆز .

٢-المعجم المفهرس الألفاظ القرآن الكريم - محمد فؤاد الباقي - دار الفكر ، ط ٢ ، ١٤٠٢ك.

ب - سوننه و زانستەکانی :

١-صحيح البخاري : محمد بن اسماعيل البخاري ، المكتبة الاسلامية ، تركيا ، ١٩٧٩ ز .

٢-صحيح مسلم : مسلم بن الحجاج النيسابورى ، حققه : محمد فؤاد عبدالباقي . دار الأفتاء السعودية ، ١٤٠٠ ك .

٣-السنن الكبرى : أحمد بن الحسين البيهقي ، دار صادر ، ١٣٥٦ ك .

٤-سنن الترمذي : محمد بن عيسى الترمذي ، حققه : محمد فؤاد الباقي وزملاؤه ، مطبعة الحلبي بمصر ، وطبعة إحياء التراث العربي بلبنان .

٥-سنن أبي داود : سليمان الأشعث السجستاني ، حققه : محمد محيي الدين عبدالحميد ، المكتبة البخاري ، الكبرى ، ١٣٧٠ ك .

٦- سنن النسائي : أحمد بن شعيب النسائي (شرح الحافظ السيوطي وحاشية السندي) دار إحياء التراث العربي ، لبنان .

٧- سنن ابن ماجة : محمد بن يزيد القزويني ، حققه : محمد فؤاد عبدالباقي ، مطبعة الحلبي ، مصر .

٨- موطأ مالك : مالك بن أنس ، صححه : محمد فؤاد عبدالباقي ، كتاب الشعب ، مصر .

٩-المصنف في الحديث والاثار (المعروف بمصنف ابن أبي شيبة) : عبدالله بن محمد العبسي ، صححه عامر العمري ، مطبعة العلوم الشرقية ، الهند ، ط ١ .

١٠- مسند الامام أحمد : أحمد بن حنبل (وبها مشه كنز العمال) ، بيروت ،دار صادر والمكتب الاسلامي .

١١- عمل اليوم والليلة : أحمد بن محمد بن إسحاق الدينوري ، مكتبة الكليات الأزهرية ، ١٣٨٩ ك .

١٢- اللؤلؤ والمرجان فيما اتفق عليه الشيخان : محمد فؤاد عبدالباقي ، راجعه : عبدالستار أبو غده ، وزارة الأوقاف الكويتية ، ١٣٩٧ ك .

١٣- الأذكار : يحيى بن شرف النووى الشافعي ، حققه : عبدالقادر الأرناؤوط ، دار الملاح ، دمشق ، ١٣٩١ ك .

١٤- المستدرك على الصحيحن محمد بن عبدالله (الشهير بالحكم النيسابورى) و بهامشة تخليص الذهبي ، مطابع النصر بالرياض .

١٥- الموضوعات :على القاريء ، دار الطباعة العامرة ، ١٢٨٩ ك .

١٦- سلسلة الأحاديث الصحيحة : محمد ناصر الدين الألباني ، دار السلفية ، الكويت ط ، ١٣٩١ ك.

١٧- سلسلة الاحاديث الضعيفة والموضوعة : محمد ناصرالدين الالباني ، والمكتب الاسلامى ط ٣ .

ج – الفقه وفقه السنة :

١–نيل الاوطار : محمد بن على الشوكانى ، دار الجليل لبنان .

٢–حاشية رد على الدر المختار : محمد أمين الشهير بابن عابدين ، دار الفكر ، ١٣٩٩ ك .

٣–المجموع شرح المهذب : يحيى بن شرف النووي ، المكتب الاسلامى ، بيروت .

٤–الفتاوى الكبرى : أحمد بن عبدالحليم بن تيمية ، دار المعرفة ، لبنان .

٥–الروضة الندية : صديق حسن خان ، دار المعرفة ، ١٣٩٨ ك .

٦–زاد المعاد في هدي خير العباد : ابن قيم الجوزية ، حققه : شعيب الأرناؤوط ، وعبدالقادر الأرناؤوط . مؤسسة الرسالة ، ومكتبة المنار الاسلامية . ط ١٥ .

٧–شرح صحيح مسلم : يحيى بن شرف النووى ، المطبعة المصرية .

٨–فقه السنة : السيد سابق ، دار الفكر ، ١٩٧٣ك .

٩–تمام المنة في التعليق على فقه السنة : محمد ناصر الدين الألباني ، دار الراية السعودية . ط ٣ .

١٠– أسئلة طال حولها الجدل :عبدالرحمن عبدالصمد ،الدار السلفية ، الكويت ، ط ٢ .

د – السنن والمبتدعات :

١–الاعتصام : إبراهيم بن موسى الشاطبي ، دار المعرفة لبنان ، ١٤٠٢ك .

٢–إتحاف غرباء الاسلام بزبدة كتاب الاعتصام ، محمد حافظ الشريدة ، مكتبة الاخاء بقلقيلة ، ط ١ ، ١٤١٢ ك .

٣–تحذير الساجد من اتخاذ القبور مساجد : محمد ناصر الدين الالباني ، المكتب الاسلامى ، ط ٣

٤–البدعة وأثرها السيء في هدم السنة : سمير المحبوح ، ط ١.

٥–الابداع في مضار الابتداع : علي محظوظ ، دار الاعتصام ، ط٥ .

هـ – كتب متنوعة :

١–احياء العلوم الدين : محمد بن محمد الغزالي ، وبهامشه تخريج العراقي ، دار المعرفة ، لبنان .

٢–العبادة في الاسلام : يوسف القرضاوي ، مؤسسة الرسالة ، ط ٤ .

٣–الفرقان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان : أحمد بن عبدالحليم بن تيمية ، حققه : محمود فايد ، دار الافتاء بالسعودية .

٤–رسالة الجهاد (ضمن مجموعة الرسائل) : حسن أحمد عبدالرحمن البنا ، طبعة دار الشهاب بالقاهرة والمؤسسة الاسلامية بلبنان .

٥–رسالة المسجد : محمد علي قطب ، دار الانصار ، القاهرة ، ط ١ .

٦–نور اليقين في سيرة المرسلين محمد الخضري بك ، تحقيق : عبد اللطيف وعواد القاعري ، دار الفكر بالاردن ، ط ١٩٨٦/١ .

٧–خطبة الحاجة : محمد ناصر الدين الالباني ، المكتب الاسلامي ، ط ٣ ، ١٣٩٧ ك .

٨–صلاة العيد في المصلى هي [illegible] محمد ناصر الدين الالباني ، المكتب الاسلامي ، ط٢، ١٤٠٤ك .

٩–التاريخ الاسلامي المعاصر الأقليات الاسلامية : محمود شاكر ، المكتب الاسلامي ، ط ١٤٨ .